گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1905 – 1941)

**م. ی. دلزار سالح سادق**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
dr.saadi.haruti@hotmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢١
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Iran, Political Parties, Mashruteh, Democratic Party, Communist Party.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.4

**پوختە**

وڵاتی ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەقۆناغێکی هەستیاری پڕ لەکێشمەکێشی سیاسی تێپەڕی، چونکە لەم ماوەیەدا ژمارەیەک لەکەسانی سیاسی و ڕۆشنبیری نوێخواز هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی وڵات لەچەقبەستوویی و دواکەوتوویی ڕزگاربکەن و ئێرانیش لەگەڵ ڕەوتی ئەو پێشکەوتنەی کە لەئەوروپادا هەبوو گوزەربکات، سەرەتا لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە فشاریان لەسەر حکومەتی دەسەڵاتداری قاجارەکان (1796 – 1925) دروستکرد بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ئەنجام بدات. کاتێکیش ئەمە کاریگەری نەبوو، هەوڵیاندا لەڕێگەی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی ئامانجەکانیان بەدی بێنن. هەوڵە بەراییەکانی ئەوانیش بریتی بوو لەدامەزراندنی ڕێکخراوی نهێنی لەدەرەوەی وڵات، لەلایەن ئەو ئێرانیانەی کە لەناوچەکانی قەفقاس دەژیان. کەئەمەش بووە پێشینەیەك بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێران. هەر ئەو ڕێکخراوانە بەشداریان لەشۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911)دا کرد، هەروەها بەتوندیش پارێزگاریان لەدەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە کرد، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی چەندین پارت و ڕێکخرواى سیاسی لەماوەی ساڵانی (1905 – 1941)، کەهەڵگری ئاراستەی هزری جیاواز بوون، وەکو

پارتەکانی (ئیجتیماعیون عامیون/ 1905- 1909)، (کۆمۆنیست/ 1920-1938) و چەندانی تر.

ژیانی پارتایەتی لەئێران لەماوەی ناوبراودا بە دوو قۆناغدا تێپەڕی؛ لەقۆناغی یەکەمدا کە ساڵانی (1905- 1921) دەگرێتەوە، پارت وڕێکخراوە سیاسییەکان سەرباری هەندێ بەربەستی بەردەمیان، شوێنپەنجەیان لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا دیاربوو. بەڵام لەقۆناغی دووەمدا کە ماوەی ساڵانی (1921- 1941) دەخایەنێت وسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزا شا دەگرێتەوە، پارت وڕێکخراوە ئێرانییەکان تووشی ئاستەنگ وکێشەی کاریگەرتر بوونەوە. چونکە حکومەت ئازادی سیاسی بەرتەسکتر کردەوە. سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر کەمی پارتەکان توانییان کاریگەرییان لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەدا هەبێ.

## پێشەکی

سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی لەئێران بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنریت لەمێژووی ئەو وڵاتەدا، چونکە ئێرانییەکان بەرلەوەی خواستەکانیان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لەسیستەمی حوکمڕانی و کرانەوەی سیاسی و هێنانەکایەوەی ژیانی دەستووری و پەرلەمانی بەدی بێنن، سەرەتا داخوازییەکانیان لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ئاراستەی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی قاجاری[1] (1796 – 1925) لەئێران دەکرد، بەڵام کاتێک هەوڵەکانیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەسەڵاتی قاجارەکاندا دروست نەکرد، ئەوان کەوتنە دامەزراندنی چەندان ڕێکخراوی سیاسی نهێنی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە فشار لەسەر بنەماڵەی فەرمانڕەوا دروست بکەن و خواستەکانیشیان بۆ چاکسازی کارگێڕی و ئازادی سیاسی و ڕاگەیاندن و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم ڕێگەیەوە بەدەست بێنن. بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکی ئێرانی و هاندانیان لەدژی دەسەڵات، کەسەرنجام شۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911)ی لێهاتە بەرهەم. گومانی تێدانییە کە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە زەمینەی زیاتری ڕەخساند بۆ هاتنەکایەی ژیانی پارتایەتی لەئێران و خەباتی سیاسی پارت و ڕێکخراوەکانیشی لەنهێنی بۆ ئاشکرا گۆڕی. هەر ئەمەش ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێراندا، گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کەباسی پارتەکانی ئەو وڵاتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات لەماوەی ساڵانی (1905- 1941)دا. ئەم ماوەیەش کە بەشۆڕشی مەشروتە دەستپێدەکات و بەلێخرانی ڕەزا شای پەهلەوی[2] کۆتایی دێت، قۆناغێکی گرنگە لەمێژووی ئێران و ژیانی پارتایەتی تیایدا بەچەندین هەورازو نشێودا تێپەڕیوە. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخ وگۆڕانکارییە سیاسییانە بووە کەولاتی ئێران لەم ماوەیەدا بەخۆوەی بینیوە.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە پارت وڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1905- 1941)دا بناسێنی وهەڵومەرجی دامەزراندن وئایدیۆلۆژیای هەریەکەیان بەدیاربخات. هەروەها پێگەی ئەوان لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا دیاری بکات، چونکە ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانی ئەو پارت وڕێکخراوانە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیش هەبووەو بوونەتە هۆی دابەشبوونی بەسەر ئاراستەو ڕەوتی جیاوازدا. توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو پارت وڕێکخراوانە توانیویانە بەشێوەیەکی ئازادانەو بەپێی پێویست گوزارشت لەبیرو بۆچوون وڕای سیاسی وهزری خۆیان بکەن. یان ڕووبەڕووی ئاستەنگ وڕێگری سیاسی بوونەتەوە.

بێگومان نکوڵی لەوە ناکرێ کەمێژووی پارت وڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران پێشتر هەندێ کتێب وتوێژینەوەی لەسەر نووسراوە؛ وەکو: (عبدالحسین اگاهی، تاریخ احزاب در ایران)، (یونس پارسا بناب، احزاب وسازمانهای سیاسی ایران)، (نصرالله نجات بخش، احزاب سیاسی معاصر ایران). بەڵام ئەم بابەتە هێشتا توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ و پێویستی بەوەیە کە بەسەرچاوەی ڕەسەن وتوێژینەوەی نوێ هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوەو شرۆڤە بکرێ. سەرباری ئەوەش دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو نووسینانەی پێشوو لەخودی وڵاتی ئێران وبەزمانی فارسی نووسراون. لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان وبەتایبەتی لەزانکۆکانی هەرێم، ئەم بابەتە مێژووییە لای لێنەکراوەتەوەو بەدیاریکراویش توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەوە نەکراوە. ئەمانەش هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنن. واتە دەیەوێ بەسەرچاوەی نوێتر ولەگۆشەنیگایەکی تر بابەتەکە شەن وکەو بکات ورۆشنتری بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) وشیکاری (تحليلي) پەیڕەوکراوە. چونکە بۆ وێناکردنەوەی ژیانی پارتایەتی لەئێرانی ساڵانی (1905- 1941)، پێویست بەوە دەکات زانیارییە مێژووییەکان کۆبکرێنەوەو لێکبدرێن. تا خەملان

وپێکهاتنی پارتەسیاسییەکانی ئەو ماوەیە ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن وشیکارییەوە ئایدیۆلۆژیای پارتەکان وکاریگەرییان لەگۆڕەپانی سیاسی ئێران بەدیاربخرێ.

ئەو توێژینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم کە باس لەسەرهەڵدانی ڕێکخراوی سیاسی وژیانی پارتایەتی لەئێران دەکات، لە هەوڵە سەرەتاییەکانی ئێرانییەکان دەستپێدەکات بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و تا ساڵی 1921 بەردەوام دەبێت، لەو ماوەیەدا ئێران کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بەخۆوەبینی، کە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو ماوەیەش هەبوو، لەوانەش سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتەو دامەزراندنی پەرلەمان و هەروەها بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) و شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفییەکانیش لە ڕوسیا کەکاریگەری لەسەر دەرکەوتنی ڕەوتی جەپ لەئێران هەبوو. تەوەری دووەمیش باس لەبارودۆخی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات لەماوەی ساڵانی (1921 – 1941)دا. لەگەڵ ئاماژەکردن بەهەڵوێستی پارتەکان لەپێشهاتە ناوخۆییەکانی ئەو ماوەیەی ئێران، لەوانە کودەتای 1921 و ڕەوشی پارتەکان لەدوای ئەو کودەتایەو ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجارەکان لەئێران و دامەزرانی دەسەڵاتی پەهلەوی لەساڵی 1926دا، هەروەها ڕەوشی پارتەکان لەدوای گەیشتنی ڕەزا شا  بەدەسەڵات و بارودۆخی ڕەوتی چەپ و پارتی کۆمەنیست لەو ماوەیەدا لەخۆ دەگرێت.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بەزمانەکانی (فارسی و کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) بەستراوە، بەتایبەتی بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئێران و یادداشتەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان، کە سەرچاوەی گرنگ و پڕبایەخن، کتێب ونووسینەکانی مێژوونووسانی ئێرانی وهەروەها بیانییەکانیش کە لێرەدا بەکارهاتوون، بایەخی خۆیان هەیەو زۆر کەلێنی بابەتەکەیان پڕکردۆتەوە. لەنێو بەڵگەنامەکان کتێبی بەڵگەنامەیی (اسناد تاریخی جنبش کارگری سوسیال دموکراسی وکمونیستی ایران) یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەیە کە توێژەر سوودی لێبینیوە، بەتایبەتی لەدیاریکردنی مێژووی دامەزران و ناوی دامەزرێنەرانی هەندێک لەپارتە سیاسییەکان. لەنێو یادداشتەکانیش دەکرێت باس لە یادداشتەکانی ( سید حسن تقی زادە) بکەین بەناونیشانی (تاریخ انقلاب مشروطیت ایران)، چونکە ناوبراو خۆی یەکێک بووە لەدیارترین کارەکتەرە سیاسییەکانی

ماوەی ساڵانی (1906 – 1941) لەئێران و بەشداری لەدامەزراندنی چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی ئەو ماوەیەدا کردووە. هەروەها یادداستەکانی (محمد تقی بهار /ملك الشعرا، تاريخ مختصر احزاب سياسى ايران) کە ئەویش یەکێک بووە لەسیاسەتمەدارە دیارەکانی ئەو ماوەیەی ئێران و لەو کتێبەی خۆیدا بەشێوەیەکی وورد ئاماژەی بەناوی پارتەکان و دامەزرێنەرانیان و مێژووی دامەزرانی بەشێک لەپارتەکان داوە. کتێبەکەی ئێرانناس و لێکۆڵەری ڕوسی (م. س. ايوانف، تاريخ نوين ايران)یش بەیەکێک لەباشترین سەرچاوەکانی مێژووی نوێی ئێران دادەنرێت، ناوبراو بێجگە لەوەی هاوچەرخی ڕووداوەکان بووە، خۆشی لێکۆڵەرێکی بواری ئێرانناسی بووە.

## تەوەری یەکەم: سەرهەڵدانی ڕێکخراوی سیاسی و ژیانی پارتایەتی لەماوەی ساڵانی (1905 – 1921)دا.

زاراوەی پارت (Party) بەواتا عەرەبییەکەی (حزب)، لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوەو سورەتێکیشی بەناوە. ئەویش بەواتای دەستەو تاقمی جیاواز هاتووە. (القرآن الكريم، الاحزاب، آية 33). لەڕاستیدا پارتی سیاسیش لەسەرەتادا هەربەم شێوەیە بووەو ئەو فۆرم و پێکهاتەی ئێستای وەرنەگرتووە کە ئێمە دەیناسین. بیرمەندانی بواری زانستی سیاسی لەبارەی پارتی سیاسی بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ لەوانە زانای ئێرلەندی ئێدمۆند بێرک (1729 – 1797)، دەڵێت:**"پارتی سیاسی کۆمەڵێک خەڵکن لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی دیاریکراودا تێدەکۆشن"**. بەڵام فەیلەسوفی سکۆتلەندی رۆبرت مۆریسۆن مەکئایڤەر (1882 – 1970) پێی وایە:"**پارتی سیاسی گردبوونەوەیەکی ڕێکخراوە، بۆ پارێزگاری کردن لەهەندێک بنەما یان سیاسەت... تێدەکۆشن تاکو حکومەت بگرنە دەست"** (عالم، 1376ش، 343 – 344). هەندێک لەبیرمەندانیش بوونی پارت و ڕێکخراوی سیاسی بەپێداویستییەکی گرنگ و بە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی دادەنێن. (زیباکلام، 1393ش، 7 – 8). سەرەنجام دەکرێت بڵێین پێناسەی پارتی سیاسی بە مانا سادەکەی بریتییە لە: کۆبوونەوەی خەڵکانێک کەلەبارەی کۆمەڵێک پرسدا بۆچوونی هاوبەشیان هەیەو بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتردا کار دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک باسی مێژووی دەرکەوتنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێراندا دەکەین، دەبێ ئاماژە بەو کۆمەڵەی نهێنی یان ئەنجومەنانە بکەین کەسەرەتاکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1852، بەڵام لەکۆتاییەکانی سەدەی نوزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ژمارەیان زیادی کرد. ئەو ئەنجومەنانە دواتر دەبنە هەوێنی دروستبوونی پارتە سیاسییەکانی ئێران. چونکە لەسەروبەندی شۆڕشی مەشروتەدا ژمارەی ئەنجومەنەکان لەسەرتاسەری ئێران دەگەیشتە زیاتر لە (200) ئەنجومەن. لەو ژمارەیە (144)یان لەشاری تاران بوو. بەهەموویان نزیکەی (150 – 200) هەزار ئەندامیان هەبوو کە لەژێر ناوو بەرنامەی جیاوازدا بەشێوەی نهێنی کاریان دەکرد. (رائین، 2535، 40 - 71).

سەرەڕای ئەوەش زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە سەرەتای سەرهەڵدانی چالاکی پارتایەتی و دامەزرانی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێران، دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911). (پارسا بناب ، 2004، ج1، 5). چونکە تا ئەوکات هیچ پارتێکی سیاسی بەتێگەیشتنی ئێستا بوونی نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەبوو زیاتر بریتی بوو لەگروپ و دەستەی دیاریکراو کە لەژێر ناوی ئەنجومەنی نهێنی خۆیان ڕێکخستبوو. ئەوانە خاوەنی بیروباوەڕێکی دیاریکراو نەبوون، بەڵام زیاتر ناڕازیبوونیان لەدەسەڵات لەدەوری یەکدا کۆی کردبوونەوە. (ابوالحمد، 1358ش، 152).

شۆڕشی مەشروتە لەبنەڕەتدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەرفراوانبوو زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران تیایدا بەشدارییانکرد، لەدژی زوڵم و ستەمکاری کاربەدەستانی ئێرانی بەگشتی و بنەماڵەی قاجارەکان بەتایبەتی. (اعظام قدسی، 1342ش، ج1، 96-136). ئەم شۆڕشە لەپێناوی هێنانەکایەی ژیانی پەرلەمانی و ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و چاکسازی کارگێڕیٚ و یەکسانی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرپابوو. (کسروی، 1363ش، ج1، 5-26). یەکێک لەئەنجامەکانی ئەوەبوو ئێرانیەکان توانیان موزەفەرەدین شا (1896 – 1907) ناچاربکەن لەساڵی 1906 پەرلەمان دابمەزرێنێت و ژیانی دەستوری بێنێتەکایەوە. (مخبر السلطنه، 1344ش، 140-144). هەر ئەو هەلومەرجەش ڕێگەخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی لەئێران.

هەرچەندە شۆڕشی مەشروتە ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەناوخۆی ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی ئێرانی بەناوی ڕێکخراوی (هیممەت)، لەلایەن ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لەشاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان لەساڵی 1904دا دامەزرا، ئەویش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لقی تایبەت بەموسڵمانانی ناوچەکانی قەفقاسی پارتی کرێکارانی ڕوسیا[3] بوو. ئەو ڕێکخراوە ناوەندی چالاکی شاری باکۆ بوو، کە ناوەندێکی ئارام بوو بۆ ئێرانییەکان تاکو بەبێ مەترسی و دوور لە چاودێری توندی حکومەت پارتی سیاسی دابمەزرێنن و دژایەتی حکومەت و دەسەڵاتداری قاجارەکان بکەن لەئێران، ئەو پارتە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبوو، بۆیە کەسانی نەتەوەیی و سۆشیالیست و میانڕەوو پارێزگاری ئایینی و خانەدانی لەخۆ گرتبوو؛ ئەوان زیاتر ئامانجیان دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەری و لەناوەوەی ئێرانیش دژایەتی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجارەکانیان دەکرد. (اتحادیه، پیدایش وتحول احزاب...، 1361ش، 66).

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، ڕێکخراوی هیممەت بووە هاوکارو پشتیوانی ژمارەیەک بازرگان و ڕۆشنبیری ئێرانی نیشتەجێی شاری باکۆ، لەئەنجامدا یەکەمین پارتی سەربەخۆی ئێرانیان لەساڵی 1905 بەناوی ئیجتماعیون عامیون[4] دامەزراند، هەندێ لەدامەزرێنەرانی ئەو پارتە لەئازادیخوازەکانی ئازەربایجانی ڕوسی بوون و هاتنە ئێران دەستیان بەچالاکییەکانیان کرد، لەدیارترینیان نەریمان نەریمانۆف (1870 – 1925) و محەمەدئەمین ڕەسولزادە (1884 – 1955) بوون. (کسروی، 1363ش، ج1، 193 – 194). هەندێکی تریشی وەکو سەید حەسەن تەقی زادە (1877 – 1969) و حەیدەرخان عەمو ئۆغلێ (1880 – 1921) لەدیارترین سەرکردە ئازەرییە ئێرانییەکان بوون. (آدمیت، 1363ش، 136). ئەوانە سەرەتا چالاکییەکانیان لەناوچەکانی باکووری ئێران وەکو (گەیلان و مازندەران و ئازەربایجان و ئەستەراباد) و هەروەها (خوراسان و تاران) دەستپێکرد، دواتر پەلی کێشا بۆ ناوچەکانی کرمان و لورستان و ئەسفەهان و هەرێمەکانی تری باشووری ئێران. (ایوانف، 1357ش، 47 – 48). لەڕاستیدا ئێرانییەکانی قەفقاس دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان ڕۆڵی سەرەکییان بینی لەدامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و بەشداریکردن لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دژ بەحکومەتی قاجاری، بەهۆی ئەوەی زۆربەیان لەڕوسیا بەشداریان لەشۆڕشی کرێکارانی ئەو وڵاتەدا کردبوو دژ بەدەسەڵاتی قەیسەری، بۆیە ببوونە خاوەن ئەزمونی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی. (اسناد تاریخی جنبش کارگری، 1974، ج1، 30 – 34).

شایانی باسە ئەو پارتە تاکو 10ی ئەیلولی 1907 خاوەن پەیڕەوێکی ناوخۆیی و ناوەندێکی بەهێزو یەکگرتوو نەبوو. تەنانەت هەر لقێک لەشارو ناوچە جیاوازەکانی ئێران لەژێر ناوی جیاوازو بەشێوەی

سەربەخۆو بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند کە شاری تەورێز بوو کاریان دەکرد. (ورهرام، 1385ش، 575 - 577). بەڵام لەڕێککەوتی ئاماژەپێکراودا پەیڕەوێکی ناوخۆیی لەلایەن لقی شاری مەشهەدی ئەو پارتە نوسرایەوە کە لە 13 مادده پێکهاتبوو، لەدیارترین دروشمەکانیشیان ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بوو، کە دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789بوو. (اسناد تاريخی جنبش کارگری، 1974، ج1، 44 - 46). سەبارەت بەم بیروباوەڕە سەیدحەسەن تەقی زادە دەڵێت:"**پەیڕەوی دیموکراتەکان بۆ ئەوکات بەزێدەڕۆیی لەئازادیخوازیی دادەنرا، چونکە داوای پێدانی زەوی بەجوتیاران و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی لەسیاسییان دەکرد**". (تقی زاده، 1379ش، 130). لەڕاستیدا ئەگەر سەرنج بدەینە داخوازییەکانیان دەبینین لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی ئێرانی نەدەگونجا، چونکە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێران بەگشتی پێکهاتەیەکی ئایینی دەرەبەگایەتی بوو، واتە لەسەرێک زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە بەتوندی پابەندی بنەماکانی ئایینی بوون و لەلایەکی دیکەشەوە سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بوو لەو وڵاتەدا، بۆیە ئەوپارتە لەگەڵ ئاشکراکردنی بەرنامەی کاریان ڕووبەڕووی دژایەتی و بەرهەڵستی توند بوونەتەوە. وەک لەبابەتەکانی دواتردا ئاماژەیان پێدەدەین.

دیارە تا ئەوکاتە ناوەندی قورسایی پارتەکە لەشاری مەشهەد بوو، بەڵام دوای کردنەوەی لقی پارتەکە لەتاران لەساڵی 1907دا، ئەو لقە بووە ناوەندی پارتەکەو سەید حەسەن تەقی زادەش کرایە بەرپرسی باڵی سیاسی و حەیدەرخانیش بووە بەرپرسی باڵی سەربازی پارتەکە. (الشاذلي، 1997، 20 – 27). کە بەناوی کۆمیتەی ئینقلابی واتە شۆڕشگێڕی ناسرابوو، دوو ئەندامی پەرلەمانیش بەناوەکانی سەید جەمالەددین واعزی ئەسفهانی (1861 – 1908) و حاجی میرزا نەسروڵلا مەلیکولموتەکەلیمین (1860 – 1908) سەرکردەی دیاری ئەو پارتە بوون و هاوکارییان دەکردن لەڕووی سیاسییەوە. (اتحاديه، پيدايش وتحول احزاب...، 1361ش، 68 – 72).

ئیجتماعیون عامیون لقێکی لە شاری تەورێزی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیش هەبوو، دیارە ئەم لقە لەوێ بەناوی موجاهیدین ناسرابوو، چونکە پارتی ئیجتماعیون عامیون لەناوخۆی ئێران لەهەمان کاتدا بە پارتی موجاهیدینیش ناسرابوو. هاوکات ڕۆژنامەیەکیشیان هەبوو هەر بەو ناوە دەردەچوو. (اسناد تاريخی جنبش کارگری، 1974، ج1، 38 – 39). بەڵام زیاتر لەبەرئەوەبوو کە باڵی سەربازی لقی تەورێز خاوەنی هێزێکی خۆبەخشی هەزار چەکداری بوون و پێیان دەگوترا موجاهید. ئەمەش بۆتە هۆی

ئەوەی هەندێک لەمێژوونووسان[5] وا بزانن دوو پارتی جیاوازن کەچی لەبنەڕەتدا یەکن. (ورهرام، 1385ش، 574، 577).

لەبواری ڕاگەیاندیش ئەو پارتە چەند ڕۆژنامەیەکی هەبوو کە وەک ئۆرگانی سەرەکی پارت لەچەند شارێکی جیاواز دەردەچوون لەوانە: ڕۆژنامەکانی (فریاد) و (مەلا نەسرەددین) لەشاری باکۆ دەردەچوون. هەروەها (ئازادی میللەت) و (ئازەربایجان) لەشاری تەورێز بەزمانی تورکی دەردەچوون. (برزین، 1371ش، 7، 13، 277، 307، 367، 376). هەردوو ڕۆژنامەی (سورئیسرافیل) و (مساوات)یش لەشاری تاران بەزمانی فارسی دەردەچوون. (محمدخان، 2004، 55-56).

زۆری نەبرد پارتی ئیجتماعیون عامیون بووە بەشێک لەململانێیەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران، بەتایبەتی ململانێیەکانی نێوان پەرلەمان لەگەڵ شاو حکومەتدا. لەم کاتەدا پەرلەمان فشاری لەحکومەت دەکرد بۆ ئەوەی ساردی نەکات لەجێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی دەریاندەکات و ئەنجامدانی چاکسازی کارگێڕی، لەلایەکی دیکەوە محەممەد عەلی شا (1907 - 1909)[6] داوای لەوەزیرەکان دەکرد گوێ بەخواستەکانی پەرلەمان نەدەن و نەچن بۆ پەرلەمان تاکو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، هەرچی گەورە کاربەدەست و وەزیرەکانی حکومەتیش بوو، لەلای خۆیانەوە بێزار بوون لەچاودێری بەردەوامی پەرلەمان بەسەریانەوە، بۆیە سستیان دەنواند لەجێبەجێکردنی یاساکاندا. (نوایی، 2535، 60 – 61، آدمیت، 1985، ج1، 393 - 407). ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی دەستەی باڵی سەربازی شاری تارانی پارتی ئیجتماعیون عامیون، بەسەرکردایەتی حەیدەرخان عەموئۆغلێ، لە 31ی ئابی 1907دا سەرۆک وەزیرانی ئێران بەناوی عەلی ئەسغەرخان ئەمینولسوڵتانی ئەتابەک کەماوەیەکی کەمبوو دەسەڵاتی گرتبووە دەست (4ی ئایار – 31ی ئابی 1907) غافلکوژ بکەن. (دولت آبادی، 1362ش، 133 – 140). چونکە لەلایەک ناوبراو بەیەکێک لەسەرسەخترین نەیارانی مەشروتەخوازەکان دادەنرا، لەلایەکی تریشدا بەهۆکاری بەستنی ڕێککەوتنامەی (بریتانی – ڕوسی)ی[7] ساڵی 1907 دادەنرا. (نامور، 1352ش، 117 – 125، عباسی، 1358ش، 137 – 145). لەهەنگاوی دووەمیشیاندا دەستەی شۆڕشگێڕی سەر بە حەیدەرخان، لە 28ی شوباتی 1908دا هەوڵی غافلکوژکردنی محەممەد عەلی شایاندا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ((رائین، 2535،ج1، 82 – 83). ئەمەش پاڵی بە شای ناوبراو نا تا لە 23ی حوزەیراندا پەرلەمان تۆپباران بکات و دایبخات، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەک لە (مەلیکولموتەکەلیمین و سەید جەمال واعزی ئەسفەهانی)یشی لەسێدارەداو ژمارەیەک پەرلەمانتاریشی دوورخستەوە بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئێران، چونکە پێی وابوو پەرلەمان هۆکاری سەرەکی گرژی و ئاڵۆزییەکانی وڵاتە. (کرمانی، 1357ش، ج2، 110 – 195؛ آوری، 1382ش، ج1، 256).

ئەم ڕووداوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی کە زیاتر لەساڵێکی خایاند، چونکە زۆربەی ناوچەکانی ئێران لەدژی حکومەتی ناوەندی ڕاپەڕین و ڕۆلی کارایان لەو جەنگەدا بینی، ڕێکخراوەکانی پارتی ئیجتماعیون عامیون لەناوچەکانی باکووری ئێران بەهاوکاری هەندێ هێزی تری ناوخۆیی کە لەناوچە جیاوازەکانی ئێران سەریانهەڵدابوو، توانیان لەساڵی 1909دا دەست بەسەر شاری تاران دابگرن (اسناد تاریخی وقایع مشروطه ایران نامەهای ظهیر الدوله، 1348ش، 8 – 133). پاشان محەمەد عەلی شایان لەدەسەڵات لاداو کوڕە تەمەن 12 ساڵانەکەیان بەناوی ئەحمەد شا[8] لەسەر تەختی دەسەڵات دانا. (دانشور علوی، 1335ش، 20 – 47). هەروەها لەڕێگەی دادگای شۆڕش کە لەلایەن ئیجتماعیونەکان پێکهێنرا، ژمارەیەک لەنەیارانی شۆڕش و لایەنگری شایان لەسێدارەدا. لەدیارترینیان زانایەکی ئایینی بوو بەناوی شێخ فەزلوڵلا نوری. چونکە هەڵوێستی توندی هەبوو بەرامبەر بە مەشروتەخوازەکان. (اعظام قدسی، 1342ش، ج1، 244 – 253).

لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی محەمەد عەلی شا و دەست بەکاربوونەوەی خولی دووەمی پەرلەمان (1909 – 1911)، قۆناغیکی نوێ لەژیانی پارتایەتی دەست پێدەکات و کۆمەڵێک پارتی نوێ بەفەرمی دادەمەزرێن. لەوانە پارتی دیموکرات. (اتحادیه، مرامنامه، 1361ش ، 3 – 30). ئەو پارتە لەناوەراستی ساڵی 1909 لەهەناوی پارتی ئیجتماعیون عامیون هاتە بوون، کە بەفەرمی هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند، ئەمەش بەمەبەستی بەشداریکردنی بوو لەپەرلەماندا. (نجات بخش، 1393ش، 45). چونکە تا ساڵی 1909 ئیجتماعیون عامیون پارتێکی نهێنی بوو لەئێران، بەڵام دیموکرات وەک پارتێکی ئاشکراو فەرمی دەستی بەچالاکی سیاسی خۆی کرد. (شاکری، 1384، 261 – 274). تەنانەت دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکرات لەهەمان سەرکردەکانی پێشووی وەک حەیدەرخان و ڕەسولزادەو تەقی زادە بوون. (اوراق تازە یاب مشروطیت ونقش تقی زادە، 205 - 218). هەروەها 28 نوێنەریشیان لەپەرلەماندا هەبوو. (آشنایی با تاریخ قانون گذاری در ایران دورەهای 1 – 24 مجلس،

د2، 1384ش، 23). دەکرێت بڵێین ئەو پارتە هەوڵیداوە لەرێگەی گۆڕینی ناوەکەیەوە پێگەی سیاسی و جەماوەری خۆی بەهێزتر بکات، بەڵام وەک دەردەکەوێت لەسەرهەمان بەرنامەی پێشووی خۆی رۆیشتووە، کە زیاتر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی هەبوو، بۆیە نەیتوانیوە خۆی لەو کێشانە دەربازبکات کە دواتر رووبەڕووی بۆتەوە. کە دواتردا باسی دەکەین.

پارتی دیموکرات ژمارەیەک رۆژنامەی هەبوو کە لەچەند شارێکی جیاوازی ئێران دەردەچوون، لەوانە رۆژنامەی (نوبەهار/ بەهاری نوێ) لەخوراسانی باکووری ئێران(بهار، 1357ش، ج1، ح). رۆژنامەی (ئێرانی نو/ نوێ) لەشاری تاران لەلایەن رەسولزادەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەوانی دیکە گرنگتر بوو، چونکە زیاتر پەیرەوی لەزمانێکی توندی شۆڕشگێڕی دەکرد. (کهن، 1362ش، ج2، 537 – 560). هەروەها رۆژنامەی (شەفەق)یش کە لەشاری تەورێز دەردەچوو، بەهەمان شێوە پەیرەوی لەزمانێکی توندی شۆڕشگێڕی دەکرد، بۆیە دوای هێرشی ڕوسەکان بۆسەر ناوچەکانی باکووری ئێران لەساڵی 1911، ئەو رۆژنامەیەش دادەخرێت. (آرین پور، ج2، 1351ش،112).

پارتی دیموکرات کە پارتێکی شۆڕشگێڕی بوو، لەسەر هەمان پەیرەوو پرۆگرامی پێشووی خۆی دەرۆیشت کەجەختی لە ئازادی و دادوەری و یەکسانی دەکردەوەو بڕوای بەژیانی پەرلەمانی نوێنەرایەتی گەل هەبوو. (آبادیان، 1390ش، ج1، 239 – 256). چالاکییەکانی ئەو پارتە تا ساڵی 1911 بەردەوامبوو، چونکە لەو ساڵەدا کاتێک پەرلەمان لەژێر فشاری هێرشی سەربازی ڕوسیا دادەخرێت، چالاکییە سیاسییەکانی ئەو پارتەش ڕادەگیرێت و زۆربەی سەرکردەکانیشی دوور دەخرێنەوە بۆ دەرەوەی وڵات.(ابراهیموف، 1360ش، 99 – 101).

پارتی دووەم بەناوی ئیجتماعیون ئیعتدالیون واتە پارێزگاران بوو کە لەساڵی 1909 دامەزرا، ئەویش چەند کەسایەتییەکی ئایینی و موڵکدار رۆلیان هەبوو لەدامەزرانیدا، لەدیارترینیان سەید محەمەد سادق تەباتەبائی (1883 – 1951) بوو. (اوراق تازه یاب مشروطیت ونقش تقی زاده، 1359ش، 537 – 554؛ ورهرام، 1385ش، 591 – 594). ئەو پارتە بەپێچەوانەی پارتی دیموکرات زیاتر لەلایەن چینی دەسترۆیشتوو و سەرووی کۆمەڵگەی ئێرانی واتە لەلایەن (خانەدان و پیاوانی ئایینی و میانڕەوەکان) پشتیوانی لێ دەکرا، چەند رۆژنامەیەکیان هەبوو بەناوەکانی (شورا) و (وەقت) و (مەجلس) کە زمانحاڵی فەرمی پارتەکە بوون، هاوکات زۆرینەی پەرلەمانیشیان لەدەستدابوو، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەنی 36 نوێنەر بوون، هاوپەیمانیشی لەگەڵ چەند گروپێکی کەمینەو بێ لایەنی ناو پەرلەمان پێکهێنابوو. (بهار، 1357ش، ج1، 8).

پارتی ئیجتماعیون ئیعتدالیون پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ پارتی دیموکرات هەبوو، هۆکارەکەی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ جیاوازی بیرو بۆچوونی سیاسییان، چونکە دیموکراتەکان توندڕەو بوون و زیاتر بڕوایان بە بیری شۆڕشگێڕی و لەناوبردنی نەیارەکانیان هەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان؛ بەڵام ئەمانە پارتێکی میانڕەو بوون، بڕوایان بە گفتوگۆی سیاسی و لێکتێگەیشتن هەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لەبری توندو تیژی. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی چەند جارێک پێکدادانی چەکداری لەنێوانیاندا ڕووبدات. (ملک زادە، 1358ش، ج6 و7، 1230 – 1238) لەم چوارچێوەیەدا باڵی سەربازی پارتی دیموکرات، لە تەموزی 1910دا یەکێک لەزانا دیارەکانی شاری تاران بەناوی سەید عەبدوڵا بەهبەهانی (1840 – 1910) غافلکوژ دەکەن، کەڕۆلی گرنگی لەشۆڕشی مەشروتەدا گێڕابوو؛ پارتی ئیعتدالیون تەقی زادە و عەمو ئۆغلێیان تاوانبار کرد بەو کارە، بەهۆی ئەوەی چەند ڕۆژێک بەر لەکوشتنی لەپەرلەمان ببوو بەشەڕیان، لەبەرامبەردا ئەوانیش دوو سەرکردەی دیاری پارتی دیموکراتیان کوشتەوە، بەناوەکانی عەلی محەمەد خانی تەربیەت کە خوشکەزای تەقی زادە بوو، لەگەڵ ئەندازیارێک بەناوی سەید عەبدولڕەزاق. (صفایی 1381ش، 369 – 372).

هەر لەساڵی 1909دا چەند پارتێکی بچوکی تر دامەزران، لەوانە پارتی ئیتفاق و تەرەقی واتە (ڕێککەوتن و پێشکەوتن) و تەرەقی خاهان واتە (پێشکەوتنخوازەکان) . (اتحادیە، مرامنامە، 131 – 145). بەڵام ئەوانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر شانۆی سیاسی ئێراندا نەبوو، تەنانەت ئەوەی دووەم نوێنەریشی لەپەرلەمان نەبوو. لەکاتێکدا پارتی یەکەم لەپەرلەمان چوار نوێنەری هەبوو و پشتیوانی پارتی ئیعتدالیونی دەکرد. (شمیم، 1378ش، 524). دیارە ئەو پارتە وەک لەناوەکەیدا دیارە کاریگەر بوو بە پارتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی (1889 – 1918)، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو ناوەیان لەخۆیان نابوو. هەندێ پارت دیکەش کەهەڵگری هزری سۆشیالیستی بوون، لەو ماوەیە دامەزران. (مولانا، 1358ش، 179). لەوانە هەردوو پارتی (ئیتحادیون) و (تەرەقی)، ئیتحادیون زیاتر لەباشووری ئێران چالاکی هەبوو دژایەتی هۆزەکانی دەکرد، بەتایبەتی بەختیارییەکان، هەروەها

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارتەکەی دیکەش لەباکووری ئێران و لەشاری ڕەشت چالاکی دەکرد. ئەو پارتانە بەگشتی لەدوای ساڵی 1911 هەڵدەوەشێنەوەو چالاکیان نامێنت لەئێران. (آشنایی با مجالس قانون، 1384ش، د2، 25).

حکومەتی ئێران لەساڵی 1911 لەژێر فشاری هەڕەشەی سەربازی ڕوسیا پەرلەمانی داخست و چالاکی پارتە سیاسییەکانیشی بەگشتی قەدەغەکرد، لێرەش پارتی دیموکرات زۆرترین زیانی بەرکەوت بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی خرانە زیندان و دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە چالاکییەکانیان بەتەواوەتی لاوازبوو لەئێران. (کسروی، 1353ش، ج2، 230 – 248، 255 – 260؛ ذاکرحسین، 1377ش، ج1، 300 – 367). دەکرێت بڵێین دروستبوونی ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی توندی نێوان پارتە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان، کەسەرنجام کاریگەری لەسەر لایەنگرانیان لەشەقامی ئێرانیش دروستکردبوو، بەجۆرێک سەری کێشابوو بۆ پێکدادان و بەرەنگاربوونەوەی مەیدانی نێوانیان. وەک لەبابەتەکانی پێشوودا ئاماژمان پێیاندا.

سەبارەت بەڕۆلی ئافرەتانیش لەبواری ڕێکخراوەییدا، خانمانی ئێرانی سەرباری ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی لەکۆمەڵگەی ئێرانیدا تیایدا ژیاون، بەڵام هاوشانی پیاوان بەشداربوونە لەخەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، سەرەتای چالاکی ئافرەتانی ئێرانی لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911). (پارسا بناب، 2004، ج1، 253). لەم بارەوەیەوە (انجمن آزادی زنان/ ئەنجومەنی ئازادی ژنان) بەکۆنترین ڕێکخراوی نهێنی تایبەت بە ئافرەتان دادەنرێت لەئیران کە لە ساڵی 1906 دامەزرا بوو. (آفاری، 1377ش، 5 – 66). دوای ئەویش چەندین ڕێکخراوی تری تایبەت بەخەباتی ژنان دامەزران، لەپێناوی بەدەستهێانی مافەکانیان لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییدا. (ناهید، 1360ش، 3 – 123).

لەڕاستیدا ئەگەر چالاکی ڕێکخراوەیی پیاوان لەئێران ڕووبەڕووی ئاستەنگی و داخران بووبێتەوە، ئەوا چالاکی ئافرەتان دووجار دووچاری گرفت و بەربەست بۆتەوە، بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە لەلایەن حکومەتەوە بەرەنگاری چالاکی پارتەکان بەگشتی کراوە لەناویاندا ئافرەتانیش، لەلایەکی دیکەشەوە ڕووبەڕووی داب و نەریت و دژایەتی توندی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆتەوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری ئایین سالاری بوو، بۆیە کارێکی ئەستەم بوو بتوانن بەبێ گرفت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبواری ئافرەتاندا کاربکەن لەناو کۆمەڵگەیەکی وەهادا. هەربۆیە لەو ماوەیەدا چالاکییەکی ئەوتۆمان بەرچاو ناکەوێت لەبواری ئافرەتاندا تاساڵی 1935، کە لەتەوەری داهاتوودا باسی دەکەن.

چالاکی پارتەکان لەکۆتایی ساڵی 1914دا سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە، چونکە لەو ساڵەدا ئەحمەد شا تەمەنی بووە 18 ساڵ، بەپێی ماددەی 39ی دەستووری مەشروتە[9]، پێویست بوو لەبەردەم پەرلەمان سوێندی دەستووری بخوات. (مستوفی، 1388ش، ج2، 548؛ سادق، 2016، 29 – 33). بۆیە حکومەت ئامادەکاری کرد بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان. ئەمەش رێگە خۆشکەربوو بۆ پارتی دیموکرات کە سەرەڕای فشارەکانی حکومەت بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات و 31 کورسیش بەدەست بێنێت، لەبەرامبەردا پارتی ئیعتدالیون 29 کورسیان بەدەستهێنا، هاوکات بێلایەنەکان 20 نوێنەریان هەبوو، کە لەگەڵ دیموکراتەکان هاوپەیمانیان پێکهێنابوو، هەروەها پیاوانی ئایینی 14 نوێنەریان هەبوو کە بە هەیئەتی علمیە (ئەنجومەنی ئایینی) ناسرابوون. (شمیم، 1378ش، 538).

دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918). ئەگەرچی حکومەتی ئێران بەفەرمی بێ لایەنی خۆی لەم جەنگەدا ڕاگەیاند، بەڵام لەلایەن وڵاتانی شەڕکەرەوە ڕێزی لێ نەگیراو ئەو وڵاتە بووە بەشێک لەمەیدانی شەڕو پێکدادانەکانی نێوانیان[10]. جگەلەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆشدا پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن هەستی نەتەوەیی بوون لەئەندامانی هەردوو پارتی دیموکرات و ئیعتدالیون، پشتیوانیان لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا دەکردو لەگەڵ ئەوەدابوون ئێران لەپاڵ ئەو دوو وڵاتەدا بەشداری لەجەنگدابکات، بەو هیوایەی لەژێر هەژموونی ڕوسیاو بریتانیا ڕزگاریان بێت. (ایوانف، 1356ش، 26؛ اتحادیە، 1371ش، 91).

ئەم هەڵوێستەی پارتەکان و بەشێک لەحکومەت پاڵی بە ڕوسیاو بریتانیا نا لەڕێکەوتی 7ی تشرینی دووەمی 1915دا هێزەکانیان بە ئاراستەی پایتەخت بجولێنن، لەژێر فشاری هێزەکانی هاوپەیمانان پارتی دیموکرات و باڵی نەتەوەیی پارتی ئعتدالیون، شاری تارانیان جێهێشت و حکومەتی بەرگری نیشتیمانیان لەشاری کرماشان دامەزراند، بەڵام ئەو حکومەتە تەنها توانی بۆ ماوەی 6 مانگ بەردەوام بێت، چونکە دوای گرتنی شارەکە لەلایەن هێزەکانی ڕوسیا لەساڵی 1916دا، حکومەتەکە ڕووخا و

ئەندامانی هەردوو پارتەکە کۆچیان کرد بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەشێکیشیان چوونە ئەڵمانیا. (وحیدالملک، 1378ش، 15 – 136؛ تمدن، 1350ش، 87 – 91).

سەبارەت بە بارودۆخی هەردوو پارتی دیموکرات و ئیعتدالیون لەدوای ساڵی 1915، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەهۆی کۆچی سەرکردەکانیان لەکاتی جەنگدا دووچاری هەڵوەشانەوە بوون، بەهۆی ڕەوشی ناوخۆیی ئێران لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سەرجەم ڕێکخستنە جەماوەرییەکانیشیان لەدەست دابوو، بەڵام ژمارەیەک لەو ئەندامانەی دیموکرات کە لەشاری تاران مابوونەوەو کۆچیان نەکردبوو، بەسەرۆکایەتی محەمەد تەقی بەهار (1886 – 1951) لەساڵی 1916 هەوڵیاندا سەرلەنوێ پارتی دیموکرات دابمەزرێننەوە، ئەوانە بەناوی (دیموکراتی تەشکیلی) ناسرابوون، کە هاوسۆزی بریتانیا بوون. (بهار، 1357ش، ج1، 21 – 27). هەروەها باڵی چەپی پارتەکەش بەسەرۆکایەتی کەسایەتییەکی ئایینی بەناوی سەیدمحەمەد کەمرەیی بەرەیەکی سەربەخۆیان دامەزراند بەناوی (دیموکراتی دژە تەشکیلی)، ئەوانە دژی داگیرکردنی ئێران بوون لەلایەن هێزەکانی ڕوسیاو بریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی نەتەوەییان دەکرد. (کمرەای، 1336ق،2 – 48).

دیموکراتە دژە تەشکیلیەکان کەزیاتر پەنایان بۆ کاری نهێنی بردبوو، باڵێکی سەربازیان هەبوو لەشاری تاران بەناوی کۆمیتەی موجازات. (آبادیان، 1390ش، ج2، 277). لەم ماوەیەدا بەهۆی ناسەقامگیری ڕەوشی ناوخۆیی ئێران و داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی بریتانیا و ڕوسیا و هەڵوەشاندنەوەی پارتە سیاسییەکان، هەندێک لەئێرانییە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بەدۆخەکە ڕازی نەبوون، پەنایان بردبووە بەر دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربازی نهێنی. بەڵام کۆمیتەی موجازات لەدیارترینی ڕێکخراوە غافلکوژییەکانی ئەو ماوەیە بوو، کە لە 31ی ئابی 1916دا دامەزرابوو، ناوەندی چالاکی زیاتر لەشاری تاران بوو، ڕێکخراوەکە خاوەن هزرێکی دیاریکراوی سیاسی نەبوو، ئامانجی سەرەکیان دژایەتیکردنی هەردوو دەوڵەتی ڕوسیا و بریتانیا بوو، هەروەها پەنایان بۆ کاری غافلکوژکردن و تۆقاندنی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی حکومەت دەبرد، بەتایبەتی ئەوانەی لەو دوو وڵاتە نزیک بوون. بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونیان لە تەموزی 1917دا واتە دوای کەمتر لەساڵێک چالاکی سەربازی ئەو ڕێکخراوە کۆتایی هات. (تبریزی، 1362ش، 12 – 19). لەڕاستیدا هەروەک لەسەرەتای بابەتەکەماندا ئاماژەماندا پێیدا، گەڕانەوە بۆ چالاکی ڕێکخراوەیی بەشێوەی نهێنی دەرخەری ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستییەیە، کە ژیانی پارتایەتی لەئێران لەدوای هاتنەکایەی ژیانی دەستوریش بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی، چونکە هەرزوو لەدوای دەرکەوتنی پارتی سیاسی ململانێی پێشووی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەنێوان پارت و ڕێکخراوەکاندا خۆی بینییەوە، کەئەمەش وایکرد جۆرێک لەڕکابەری ناتەندروست لەنێوان پارتەکان سەرهەڵبدات، بەمەش زۆربەیان دووچاری داخستن و بەربرست بوونەوە کەلەلایەن حکومەتەکانی ئێران بۆیان دروست دەکرا، هەروەها لەقۆناغی دواتریشدا پێشچوونێکی ئەوتۆ بەخۆی نابینێت، واتە کێشەوئاستەنگییەکانی بەردەمیان بەردەوامی دەبێت بەفۆرمێکی تر. کە لە تەوەری داهاتوودا ئاماژەیان پێدەدەین.

## تەوەری دووەم: بارودۆخی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەماوەی ساڵانی (1921 – 1941)دا.

لەماوەی ساڵانی (1917 – 1921)دا کۆمەڵێک پێشهاتی سیاسی ڕوویاندا، کە دواتر کاریگەریان بەسەر ڕەوشی پارتەکان و بارودۆخی ناوخۆیی ئێرانیشدا هەبوو. لەوانە: ڕووخانی ڕوسیای قەیسەری لەئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 کە کاریگەری هەبوو لەسەر دامەزراندنی پارتی مارکسی و بڵاوبونەوەی هزری کۆمەنیستی لەئێران، لەدیارترینی ئەوانەش پارتی عەدالەت بوو. (پیشەوری، 1359ش، 18 – 30). هەروەها بەستنی پەیماننامەی ساڵی 1919[11]ی (ئێرانی – بریتانی) و سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان[12] لەناوچە جیاوازەکانی ئێران و کودەتای 21ی شوباتی 1921 لەلایەن ڕەزا خانی میرپێنج (شای دواتر 1926 – 1941) و دواترینیشیان دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان بوو لەو ساڵەدا. (طلوعی، 1378ش، 437 – 446).

ڕەزا خان لەدوای کودەتاکەی، سەرەڕای ئەوەی هەنگاوەکانی بەرەو گەیشتن بەدەسەڵات دەنا، هاوکات بەشێوەیەکی ڕێژەیی پشتیوانی لە ئازادی سیاسی و ژیانی پارتایەتی دەکرد. بەڵام دوای ئەوەی لەساڵی 1926 تاجی شاهێتی لەسەرنا، سیاسەتی دەگۆڕێت و بەزەبری هێز حوکمڕانی وڵات دەکات و لەسەرەتای ساڵانی سییەکاندا چالاکی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان قەدەغە دەکات. (کاتوزیان، 1374ش، 186). لەم بارەیەوە یەکێک لەڕۆژنامەنووسان و مێژوونووسانی سەردەمی ڕەزا شا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: **"لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بەکارهێنانی وشەی پارت (حزب) بەس بوو بۆ**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەوەی بخرێیتە زیندانەوە"**. (مصطفوی، 1363ش، 34). ئەمەش بەومانایەی ڕەاخان (شای دواتر) بڕوای بەچالاکی پارتایەتی نەبوو، چونکە ناوبراو کەسێکی سەربازی بوو، ئەمەش شتێکی سروشتییە کە زۆربەی سەرکردە سەربازییەکان بڕوایان بەژیانی پارتایەتی نەبووە، هەروەها ئەو سەردەمیش سەردەمی سەرکردەی تاکڕەو تاک سەرکردەبوو، بۆیە دوای ئەوەی گەیشتە دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک دژی چالاکی پارتایەتی وەستاوەتەوەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی قەدەغەکردووە.

لەدوای ساڵی 1921 ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەئێران دەرکەوتن و دەستیان بەچالاکی سیاسی کرد، بەڵام زۆربەیان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، جگەلە پارتی کۆمەنیست نەبێت. هاوکات چەند ڕێکخراوێکی سیاسی تەمەن کورت لەو ماوەیەدا دەرکەوتن، لەوانەش: ڕێکخراوی گەنجان کە لەساڵی 1921دا لەلایەن ژمارەیەک گەنجی نەتەوەیی دامەزرا، کە خوێندنیان لەدەرەوەی وڵات تەواو کردبوو. ئەوانە پشتیوانی ڕەزا خانیان دەکرد لەبەرنامەکانیداو بەکەسێکی نەتەوەییان دادەنا. (تقی زادە، 1379ش، 208). لەڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە زیاتر وەک یانەیەکی گەنجان وابوو، چونکە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی سیاسی تایبەت بەخۆیان نەبووە تا باسی لێوەکرابێت.

هەرچی پارتی کۆمەنیست بوو، ڕەگوڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ چالاکی کرێکارانی ئێرانی لە کۆمپانیاکانی نەوتی شاری باکۆ، کە لەژێر کاریگەری چالاکی شۆڕشی بەلشەفی ڕوسیا لە 27ی ئایاری 1917دا پارتی عەدالەتیان بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی ئەسەدوڵڵا غەفارزادە (1876 – 1919) دامەزراند. (محتشمی پور، 1376ش، 29 – 30). ئەو پارتە بەیەکەمین پارتی کرێکارانی ئێرانی دادەنرێت، کە پەیڕەویان لە هزری چەپ و کۆمەنیستی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی 1920 چالاکییەکانیان زیاتر لەدەرەوەی ئێران بوو. (اسناد تاریخی جنبش کارگری، 1358ش، ج3، 603 – 604). بەڵام دوای ئەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لەساڵی 1920دا دەستیان بەسەر ناوچەکانی باکووری ئێراندا گرت، دەرفەت بۆ ئەو پارتەش ڕەخسا چالاکییەکانی خۆی بەئاشکرا لەباکووری ئێران ئەنجام بدات و یەکەم کۆنگرەی لە 15ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا لەشاری ئەنزەلی باکووری ئێران بەست و لەوێدا پارتی عەدالەت هەڵوەشایەوەو پارتی کۆمەنیستی ئێران لەشوێنی دامەزرا. (اسناد تاریخی جنبش کارگری، بیتا، ج4، 52 – 60). ئەو پارتە کۆمیتەیەکی ناوەندی هەبوو کە لە 15 ئەندام پێکدەهات، لەدیارترین

سەرکردەکانی ئۆتیس سوڵتانزادە (1889 – 1938) و سەید جەعفەر پیشەوەری (1893 – 1947) بوون. (دوسند از فرقه کمونیست ایران، 1359ش، 5).

ناوەندی چالاکییەکانی ئەو پارتە نوێیە زیاتر ناوچەکانی باکووری ئێران بوو، بەڵام لەساڵی 1921 بەدواوە توانیان لەشاری تارانیش ڕێکخستنی نهێنی دابمەزرێنن، بەڵام لەباشووری ئەو وڵاتە سەرکەوتوو نەبوون، بەهۆی ئەوەی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی بریتانیا دابوو. (لنزوسکی، 2536، 136). بێگومان ئەویش دەرفەتی نەدەدا هیچ پارتی کۆمەنیستی چالاکی سیاسی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا ئەنجام بدات. ئەو پارتە چەند ڕۆژنامەیەکی هەبوو وەک ئۆرگانی فەرمی پارتەکە لەشارە جیاوازەکانی ئێران دەردەچوون؛ وەکو ڕۆژنامەی (حەقیقەت) لەشاری تاران دەردەچوو، کە یەکێک لەچالاکترین ئۆرگانە نهێنییەکانی ئەو پارتە بوو، ئەو ڕۆژنامەیە تاساڵی 1922 بەردەوام دەبێت و پاشان لەلایەن حکومەتەوە دادەخرێت. (رواسانی، 1368ش، 185). هەروەها لەشاری گەیلانی باکووری ئێرانیش کەناوەندی چالاکییەکانی پارتەکە بوو، دوو ڕۆژنامەی تریان هەبوو بەناوەکانی (سەربازی سورخ/ سەربازی سوور) و (ئینقلابی سورخ/ شۆڕشی سوور). (ابراهیموف، 1360ش، 236).

پارتی کۆمەنیست سەرەڕای چاودێری توندی حکومەت لەسەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بوو لەڕێکخراوترین پارتە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1920 – 1938)دا، بۆیە ڕۆڵی گرنگی بینی لەهاوکاری و پشتیوانیکردنی سیاسی و سەربازی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی باکووری ئێران، کە لە ماوەی ساڵانی (1920 – 1921)دا سەریانهەڵدا. بەڵام دوای ئەوەی سۆڤیەت لەساڵی 1921دا ڕێککەوتننامەی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ حکومەتی ئێران مۆرکرد، هێزەکانی خۆی لەباکووری ئێران کشاندەوە، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر لاواز بوونی پارتی کۆمەنیست. (ایوانف، 1356ش، 29 – 54؛ رواسانی، 1368ش، 236 – 240). بەم شێوەیە ئەو پارتە کرایە قوربانی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت. کەواتە بەرژەوەندی کەوتە پێش بنەماکانی هزری.

لەلایەکی تریشەوە لەشاری تاران دوو فراکسیۆنی پەرلەمانی لەخولی چوارەمدا (1921 – 1923) هەبوون، بەناوەکانی (ئیسلاح تەلەبان/ چاکسازیخوازان) و سۆشیالیست، ئەوانەش دواتر وەک دوو هێزی سیاسی دەردەکەون. ئیسلاح تەلەبەکان کە زۆرینەی پەرلەمانیان لەدەستدابوو پشتیوانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەنزیکبوونەوە لە ئەمریکا دەکرد. (شجیعی، 1383ش، ج3، 133 – 134). لەبەرامبەردا پارتی سۆشیالیست بەسەرۆکایەتی سلێمان میرزا ئەسکەندەری (1867 – 1943)، 15 نوێنەریان لەپەرلەماندا هەبوو. (بهار، 1357، ج1، 130 – 134؛ لنزوسکی، 2536، 137 – 138). ئەو پارتە لەپەیڕەوی ناوخۆییدا کەلەلایەن سلێمان میرزا نوسرابۆوە، جەختی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیستی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و یەکسانی نێوان هاووڵاتیان و پێدانی زەوی بەجووتیاران کردبۆوە. (اسکندری، 1300ش، 1 – 12). لەڕووی بەرنامەی سیاسییەوە هەڵگری هزری چەپ بووەو لەسۆڤیەت نزیک بوو، ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (تۆفان) هەبوو، تیایدا بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر بریتانییەکان لەئێران، هاوکات پشتیوانی ڕەزا خانیشیان کردووەو لەماوەی ساڵانی (1921 – 1925)دا بەکەسێکی نەتەوەیی و ڕزگارکەری ئێرانیان زانیوە. (پارسا بناب، 2004، ج1، 163 – 166). هەروەها بەتوندیش دژایەتی کابینەی قەوامولسەڵتەنەیان[13] دەکرد کە لەماوەی نێوان (ئایاری 1921 - کانونی دووەمی 1922)دا لەسەر کاربوو، چونکە پێیان وابوو ناوبراو پشتیوانی لەسیاسەتی بریتانیا دەکات لەئێران، سەرەنجام بەپشتیوانی ڕەزا خان کە ئەوکات وەزیری جەنگ بوو، توانیان قەوام لەدەسەلات لابدەن و کابینەی حکومەتەکەی بڕوخێنن، دوای ئەوەی توانیان زۆرینەی پەرلەمانی پێکبێنن و بێ لایەنەکانیش بێننە بەرەی خۆیان. (باستانی پاریزی، 1361ش، 74 – 78). لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین یەکێک لەهۆکارەکانی دژایەتیکردنی حکومەتی قەوامولسەڵتەنە گەڕاوەتەوە بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژی، چونکە پارتی سۆشیالیست پارتێکی چەپڕەوی نزیک لەسۆڤیەت بوو، قەوامولسەڵەتەنەش کەپەیوەندی نزیکی لەگەڵ بریتانیادا هەبوو، ئەمەش هاندەربووە بۆ ئەوەی دژایەتی بکەن.

ڕەزا خان سەرەڕای ئەوەی سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبوو، بەڵام پشتیوانی لەپارتەکانی ئیسلاح تەلەبان و سۆشیالیست و ڕێکخراوی ئەنجوومەنی گەنجان دەکرد. (سیاسی، 1366ش، 74 – 78). بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەماندا (1924 – 1926) بەهاوکاری سوپا زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی بۆ مسۆگەر کردن. (تقی زاده، 1368ش، 208). بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا پشتیوانی لێ بکەن لەگۆڕینی ڕژێمی پادشایەتی لەقاجار بۆ پەهلەوی، ئەوەبوو لەتشرینی دووەمی 1925دا بەپشتیوانی ئەو هێزانە توانی ئامانجەکەی خۆی بەدی بێنێت و ببێت بەدامەزرێنەری

زنجیرەی پادشایەتی پەهلەوی (1926 – 1979) لەئێران. (نفیسی، 1345ش، 22 – 23). دەگوترێ کە لەکاتی گۆڕینی ڕژێمی سیاسی ئێران، سۆڤیەت داوای لە سلێمان میرزاو پارتی سۆشیالیست کردووە، بۆ ئەوەی پشتیوانی ڕەزا خان بکەن. (لاهوتی، بیتا، 40). چونکە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ڕەزا خانیان بەکەسێکی نەتەوەیی دیموکراتخواز دادەنا. لەم بارەیەوە یوسف ئیفتخاری ئەندامی پێشوی پارتی کۆمەنیست و دامەزرێنەری ڕێکخراوی کرێکارانی سەربەخۆ لەئێران (1941 – 1945) لەیادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:**"کاتێک لەسۆڤیەت بووم تیۆدۆر رۆتشتین (1871 – 1953)ی باڵیۆزی پێشووی سۆڤیەت لەئێران گوتی ڕەزا خان لەخۆمانە، هەروەها گوتی داوام لێیکردووە ببێتە کۆمەنیست، گوتویەتی ڕازیم، بەڵام ئێرانییەکان موسڵمانن لەکاتی ئێستادا ئەگەر کارێکی ئاوا بکەم دژمان دەوەستنەوە… هەروەها کۆمنتێرن[14] داوایان لێمان کرد ئێمە نەگەڕێینەوە بۆ ئێران بەهۆی ئەوەی دژی ڕەزا خان بووین".** (افتخاری، 1370ش، 24). ئەمەش تێڕوانینی سۆڤیەتییەکان بۆ ڕەزاخان دەردەخات لەسەرەتای دەسەڵاتیدا، بەڵام ئەم تێڕوانینەیان دواتر گۆڕانی بەسەردادێت، ئەمەش لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی بەئاشکرا دەردەکەوێت، دوای ئەوەی سۆڤیتە ئێران داگیردەکات لەساڵی 1941دا، لەژێر فشاری ئەواندا ڕەزاشا ناچار دەبێت دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بێت. کە لەکۆتایی ئەو بابەتەماندا ئاماژەی پێدەدەین.

ڕەزا شا دوای ئەوەی چووە سەر تەختی دەسەڵات بەرەبەرە کەوتە لەناوبردنی نەیارانی و سەرکوتکردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەموو جۆرە چالاکیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی قەدەغەکرد و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان چاودێری توندیان خرایە سەر، بەهەموو شێوەیەک ڕەخنەگرتن لەحکومەت و شا قەدەغە کراو سەرپێچیکارانیش بەتوندی سزا دەدران. (ذاکرحسین، 1377ش، ج2، 13 – 20). تەنانەت ئەو پارت و لایەنانەی کە پشتیوانیان لەگەیشتنی ناوبراو کردبوو بۆ سەر دەسەڵات، بەر سزای شا کەوتن و چالاکییان قەدەغەکرا، لەوانەش پارتی سۆشیالیست. (لنزوسکی، 2536، 138 – 139). لێردا بۆمان دەردەکەوێت ڕەزاشا وەک ئامانجێکی کاتی لەپێناوی گەیشتنی بەدەسەڵات پشتیوانی لەچالاکی پارتەکان کردووەو ڕێگەی پێیانداوە بەئازادی کاری سیاسی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام دوای گەیشتنی بەدەسەڵات ئیتر پێویستی پێیان نماوە، هەربۆیە چالاکییەکانیانی ڕاگرتوون.

سەرباری ئەوانەش پارتی کۆمەنیست لەماوەی ساڵانی (1926 – 1930)دا، توانی سەرپەرشتی زنجیرەیەک خۆپێشاندان و مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوتی ناوچەکانی باشوور و باکووری ئێران بکات، کەتوانیان هەندێک لەمافەکانی کرێکاران بەدەست بێنن لەبارەی بیمەی بێکاری و تەندروستی و موچە. (آگاهی، بیتا، 69 – 71). ئەمەش هانی ڕەزا شای دا لە حوزەیرانی 1931 داوا لەپەرلەمان بکات بەیاسا چالاکی پارتی کۆمەنیستی لەئێران قەدەغە بکات. (ورهرام، 1358ش، 607). دەرکردنی ئەو یاسایەش کاریگەری درێژخایەنی لەسەر ڕەوتی چەپ هەبوو، تەنانەت لەدوای ساڵی 1941یشدا کە سەرلەنوێ ئازادی سیاسی ڕەخسایەوە، کۆمەنیستەکانی ئێران نەیانتوانی پارتەکەیان بەهەمان ناو زیندوو بکەنەوە، بۆیە ناچار بوون لەژێر ناوێکی تردا درێژە بەچالاکی خۆیان بدەن. (اسکندری، 1366ش، ب1، 9 – 100).

لەسەرەتای سییەکاندا دوو پارتی سیاسی تر لەئێران دامەزران بەناوەکانی ئێرانی جەوان (گەنج) و زاد ئەلف (ض. الف) کە کورتکراوەی دەستەواژەی (ضد استعمار)ە، ئەو دوو پارتە سەر بەدەسەڵات بوون، چونکە لەلایەن چەند وەزیرو گەورە کاربەدەستێکی دەوڵەت دامەزرابوون. ئەوانە لەڕووی بیروباوەڕەوە دوو پارتی فاشیستی[15] بوون، کە ڕەزا شا سەرۆکی فەخری پارتی ئێرانی گەنج بوو.(ابراهیمی، 1396ش، 289). بەڵام ناوبراو گرنگی پێیان نەدەدا، چونکە ئەو بڕوای بەژیانی پارتایەتی نەبوو و دژی چالاکی پارتایەتی بوو لەئێران، ئەو چالاکی پارتایەتی بەمایەی سەر ئێشەو دروستبوونی ناکۆکی دەزانی، سەرباری ئەوەی ئەو دوو پارتە ڕکابەرییەکی توندیش لەنێوانیاندا هەبوو، هەربۆیە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بن و لەساڵی 1933 هەردوو پارتەکە هەڵدەوەشێنەوە. (صفائی، ج1، 1327ش، 2 – 3). بێگومان ئەو دوو پارتە نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر شانۆی سیاسی و کۆمەڵگەی ئێرانی دروست بکەن، چونکە وەک ئاماژەمان پێیدا لەلایەن چەند کەسێکی نزیک لەخودی شا دروستکراون لەپێناو ئامانجی تایبەتی خۆیان.

سەبارەت بە پارتی کۆمەنیست، دەرچوونی یاسای قەدەغەکردنی پارتەکەو دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی بەشێک لەسەرکردەکانی، کاریگەری هەبوو لەسەر لاوازبوونی چالاکی سیاسی ئەو پارتە لەناوخۆی ئێران، بۆیە لەدوای ساڵی 1934 ناچار بوون چالاکییەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەڵمانیا، بەڵام یەکێک لەئێرانییەکانی نیشتەجێی ئەوێ بەناوی تەقی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەرانی(1902 – 1940) ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە دووبارە زیندووکردنەوەی چالاکی پارتی کۆمەنیست لەناوخۆی ئێران. (آخگر، 1348ش، 11 – 14). سەرەڕای ئەوەش کۆمەنیستەکان نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامبن، چونکە لەساڵی 1937دا لەلایەن پۆلیسی نهێنی ئاشکرا بوون و تا ساڵی 1938 زۆربەیان دەستگیرکران، کە ژمارەیان 53 کەس بوو، بۆیە دۆسیەکەشیان بە (گروپی 53) دەناسرێت، کە مەبەست لێی 53 دەستگیرکراوەکەیە. (آوانسیان، 1358ش، 38 – 45). جگە لە تەقی ئەرانی کە لەساڵی 1940 لەبەندیخانە لەناو دەبردرێت، ئەوانی تر بۆ ماوەی جیا جیا بەند کران، بەڵام لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزا شا لەساڵی 1941دا سەرجەمیان ئازاد کران و سەر لەنوێ هەوڵی زیندوو کردنەوەی پارتی کۆمەنیستیاندا لەژێر ناوێکی تردا. (اسکندری، 1366ش، ب1، 9 – 100). لەڕاستیدا ئەو گروپە کە لەدۆخێکی ئاڵۆزدا دەستیان بەچالاکی سیاسی خۆیان کرد، چونکە لەوکاتدا حکومەتی ئێران لەسەردەمی دەسەڵاتداری ڕەزاشا لەوپەڕی بەهێزیدابوو، چالاکی پارتی کۆمەنیستیش بەپێی یاسایەک لەساڵی 1931دا قەدەغەکرابوو، بۆیە هەوڵەکانی ئەو گروپە وەک خولانەوە لەناو بازنەیەکی بەتاڵ دابووە.

سەبارەت بەچالاکی ڕێکخراوەیی ئافرەتان کەلە تەوەری پێشودا ئاماژەمان پێیدا، سەرباری ئەوەی لەماوەی فەرمانڕەوایی ڕەزا شا (1926 – 1941)، کۆمەڵێک چاکسازی لەبواری نوێگەری و ڕۆشنبیری لەئێران ئەنجامدرا، یەکێک لەو ڕیفۆرمانەی ڕەزا شا ئەنجامیدا ئازادکردن و سەرپشککردنی ئافرەتان بوو بە لەسەرکردن یاخود لادانی سەرپۆش (لەچک)، بەتایبەتی لەفەرمانگەکانی دەوڵەت بەزۆر دەبوو ئافرەت لەچک نەبەستێت، هەروەها لەهەوڵی هێنانەدی هەندێک لەمافەکانی ئافرەتان بوو بەتایبەتی لەبواری ڕۆشنبیرییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزا شا، هاوشێوەی پیاوان دژی خەباتی سیاسی ئافرەتان بوو. (اتحادیە و بیاتی، 1390ش، 225 – 257). بەڵکو لەسەردەمی ئەودا ئافرەتان تەنها ڕێگەیان پێدرا بەشداری لەکاری ڕێکخراوەیی تایبەت بەبواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا بکەن. لەوچوارچێوەیەشدا لەساڵی 1935 ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان دامەزراند بەناوی (کانونی بانوان/ ڕێکخراوی خانمان)، کە لەلایەن شەمس پەهلەوی (1917 – 1996) کچی ڕەزا شا سەرپەرشتی دەکرا. (اساسنامە و نظامنامە کانون بانوان، 1314ش، 1 – 6). ئەو ڕێکخراوە سەر بەوەزارەتی (مەعاریف/ پەروەردە) بوو، تا ساڵی 1946 بەردەوامبووە لەکارەکانیدا. کە زیاتر لەبواری

هۆشیارکردنەوەی ژنان و ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵ و دابینکردنی ئافرەتان و منداڵانی بێ سەرپەرشت و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان و ناساندنیان بەمافەکانیان کاریکردووە. (زبان زنان (مجله)، 1321ش، ش1، س23، 6 – 13).

لەماوەی ساڵانی (1939 – 1941)دا هیچ جۆرە چالاکیەکی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەئێراندا نامێنێت، چونکە لەو ماوەیەدا جیهان بەگشتی و ئێرانیش بەتایبەتی بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی (1939 – 1945)، دووچاری ڕەوشێکی ناهەمواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆوە. لەسەرەتای جەنگداو بەدیاریکراوی لە 4ی ئەیلولی 1939 وڵاتی ئێران بێ لایەنی خۆی لەجەنگدا ڕاگەیاند. (امیر انتظام، 1371ش، 5 – 12). بەڵام ئەو بێلایەنییەی زۆر ڕێزی لێنەگیرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە 22ی حوزەیرانی 1941 ئەڵمانیا پەلاماری سۆڤیەتیدا، چونکە سۆڤیەت کە چووە پاڵ هاوپەیمانان و لەدژی ئەڵمانیاو وڵاتانی تەوەر کەوتە شەڕ، پێوسیتی بەهاوکاری سەربازی و خۆراکی و دەرمان هەبوو، باشترین و پارێزراوترین ڕێگەش بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان، ڕێگەی ئاوی کەنداوی فارس و خاکی ئێران بوو، بۆیە هەڵکەوتەی جوگرافی ئێران بۆ هاوپەیمانان زۆر گرنگ بوو، ئەمەش هانی سۆڤیەت و بریتانیایدا هێزەکانیان لە 25ی ئابی 1941دا لەیەک کاتدا لەباکوور و باشوورەوە پەلاماری ئێران بدەن. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا پێشڕەوی خێرایان کردو لەکۆتایی ئەو مانگەدا هێزەکانیان لەشاری قەزوینی باکووری ئێران بەیەک گەیشتن. (کلارمونت، بیتا، 35 – 38). دواتر ڕەزا شا لەژێر فشاری سۆڤیەت و بریتانیا لە 16ی ئەیلولی 1941دا دەستی لەکار کێشایەوە بۆ محەمەد ڕەزای کوڕی، بەخۆشی دوور دەخرێتەوە بۆ باشووری ئەفریقیاو تا مردنیشی لەساڵی 1944دا هەر لەوێ مایەوە. (مجد، 1389ش، 479 – 483).

## دەرئەنجامەکان:

1. بەشداریکردنی ئێرانییەکانی دەرەوەی ولات لەخەباتی سیاسی و دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی تایبەت بەخۆیان، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێگەخۆشکەربوو بۆ دەرکەوتنی ژیانی پارتایەتی لەناوخۆیی ئێراندا.

2. سەرکەوتنی شۆڕشی مەشروتە (1905 – 1911)و دامەزراندنی پەرلەمان، دەرفەتی ڕەخساند بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی، کە بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەو ولاتەدا لەدوای ئەو شۆڕشەدا بەشداریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ژیانی دەستووری کرد.
3. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی لەئێران ئاراستەی هزری جیاواز لەناو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەرکەوت، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای دیموکراتی و شۆڕشگێڕی و پارێزگار و میانڕەوو چەپی کۆمەنیستی بوون.
4. سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەنیوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، کە بووەهۆی پەنابردنەبەر توندوتیژی، بەجۆریک ئەو ململانێیە سەری کێشا بۆ کوشتن و لەناوبردنی نەیارانی یەکتری لەپارتە سیاسییەکاندا.
5. بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەولەتی کاریگەری لەسەر چالاکی سیاسی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی ململانییەکانی نێوان ڕوسیای قەیسەری و بریتانیا، هەروەها ڕوودانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی حکومەت و پەرلەمان و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بەسەر هەردوو بەرەی وڵاتانی شەڕکەر، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر نەمان و هەڵوەشانەوەی پارتە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە. هەروەها سەرهەلدانی چالاکی سیاسی پارتی کۆمەنیستی لەئێراندا گەشەیکرد، لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917.
6. کودەتای ساڵی 1921ی ڕەزا خان و کاریگەری لەسەر بەرتەسکبوونەوەی ئازادی سیاسی و ژیانی پارتایەتی لەئێران هەبوو، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتداری قاجارەکان و دامەزرانی دەسەڵاتی پەهلەوی لەساڵی 1926دا تا ئەو ڕاددەیەی بەرەبەرە بووەهۆی وەستانی چالاکی سیاسی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانە و قەدەغەکردنی خەباتی سیاسی پارتی کۆمەنیست بەیاسا.
7. قەدەغەکردنی چالاکی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەشێوەی ئاشکرا بووەهۆی ناچاربوونیان بۆ پەنابردنەبەر خەباتی نهێنی، لەپێناو ئەنجامدانی چاکسازی کارگێڕی و بەرقەراکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی ئازادی سیاسی و ڕۆشنبیری، لەکۆتاییشدا چالاکی پارت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەئێران، لەدوای دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی کۆمەنیست بەتەواوەتی وەستا.

## پەراوێزەکان:

[(1)] قاجارەکان (1796 – 1925):- هۆزێکی بەڕەگەز تورك بوون، یەکێک بوون لەهۆزە گەورەو شەڕکەرانەی خزمەتی دەوڵەتی سەفەوییان کردبوو، شوێنی نیشتەجێبوونیان ناوچەکانی باکووری ئێران بوو، لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی 1722، هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵاتیانداو ڕکابەری هێزەکانی ئەوکاتی ئێرانیان کرد. سەرەنجام ئاغا محەمەد خانی قاجار لەساڵی 1796دا توانی کۆتایی بەدەسەڵاتی زەندییەکان (1753 – 1796) بێنێت و زنجیرەی پادشایەتی قاجاری لەئێران دابمەزرێنێت، کە تاساڵی 1925 بەردەوامبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(شمیم. 1387ش، 11 - 630).

[(2)] ڕەزا شا (1878 – 1944):- لەبنەماڵەیەکی سەربازی لەناوچەی ئەلشتەری باکووری ئێران لەدایکبووە، لەماوەی ژیانیدا زۆر پلەی سەربازی وەرگرتووە، دواییینیان پلەی (سەردار سوپا) بوو، ناوبراو لەساڵی 1921 کودەتایەکی سەربازی ئەنجامداو لەساڵی 1925 کۆتایی بەفەرمانڕەوایی بنەماڵەی قاجارەکان هێنا. لەساڵی 1926 تاجی پادشایەتی لەسەرنا وەکو شای پەهلەوی و تاساڵی 1941 حوکمڕانی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(نیازمند، 1387ش، 11 – 759).

[(3)] ئەو پارتە کە لەساڵی 1898 لەڕوسیا دامەزرابوو، خاوەن بیروباوەڕی چەپی مارکسی بوو، چەندین لقی لەناوچە جیاوازەکانی ڕوسیا هەبوو، کە لەچوارچێوەی هەمان پارتدا چالاکیان ئەنجام دەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (تاريخ الحزب الشيوعي في الاتحاد السوفياتية، حزب البلشفيك، 1954، 5 – 40).

[(4)] ئیجتماعیون عامیون: وەرگێڕدراوی دەستەواژەی (سۆشیال دیموکرات)ە بۆ زمانی فارسی، بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئێرانییەکان لەوکاتدا شارەزاییان لەدەستەواژەو زاراوەی بیانیدا نەبوو، بۆیە دامەزرێنەرانی ئەو پارتە بەباشیان زانی دەستەواژەی ئیجتماعیون عامیون بەکاربێنن تاکو خەڵک لێی تێبگات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (آدمیت، 1363ش، 17؛ آگاهی، بیتا، 24).

[(5)] هەردوو مێژوونوس (ئیڤانۆف) و (مەنسورە ئیتحادیە) لەکتێبەکانی خۆیاندا بە دوو ناوی جیاواز (موجاهدین) و (ئیجتماعیون عامیون) ناوییان هێناون. (ایوانف، 1357ش، 50 – 51؛ اتحادیە، پیدایش وتحول...، 1361ش، 69).

[6] محەمەد عەلی شا (1907 – 1909): شەشەمین شای بنەماڵەی قاجارەکان بوو، لەدوای مزەفەرەددین شای باوکی چووە سەرتەختی دەسەڵات، ناوبراو پەیوەندییەکی گرژی لەگەڵ مەشروتەخوازەکاندا هەبوو، بۆیە سەردەمەکەی پڕ لەکێشەو ئاڵۆزی سیاسی بوو، سەرەنجام لەساڵی 1909 لەلایەن مەشروتەخوازەکان لەدەسەڵات لادرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(شمیم، 1378ش، 443 – 508).

[7] ئەو ڕێککەوتننامەیە لەنێوان ڕوسیاو بریتانیا لە 31ی ئابی 1907دا بەسترا، تیایدا ئێران دابەشی سەر سێ ناوچە کرا، باشوور بۆ بریتانیا و باکوور بۆ ڕوسیاو شارەکانی ناوەڕاست کەبریتی بوو لەتاران و ئەسفەهان و کاشان بێ لایەن بوون لەنێوانیاندا، هەردوولا ڕێککەوتن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا دەست لەکاروباری یەکتری وەرنەدەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (وحید مازندرانی، 1328ش، 23 – 56؛ ترنزیو، 1359ش، 126-186).

[8]ئەحمەد شا (1909 – 1925):- دوایین شای بنەماڵەی قاجارەکان بوو لەئێران، کە لەتەمەندی 12 ساڵی لەدوای لابردنی محەمەد عەلی شای باوکی لەدەسەڵات، بوو بەشای ئێران، لەسەردەمی ئەودا ئێران کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی کریگەری لەسەرئاستی ناوخۆیی و جیهانی بەخۆوەبینی، لەدیارترینیان ڕووداني جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانوەی پەرلەمان و ڕووخانی ڕوسیای قەیسەری لەساڵی 1917و پەیماننامەی ئێرانی و بریتانی ساڵی 1919و کودەتای ساڵی 1921ی ڕەزا خان و ڕووخانی دەسەڵاتداری قاجارەکان لەساڵی 1925دا. بۆ زانیاری زیاتر بروانە:(شمیم، 1378ش، 511 – 621).

[9] دەستووری مەشروتە: لەدوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی کە لە 51 ماددە پێکدەهات لەکانونی یەکەمی 1906دا نوسرابۆوە، بەشی دووەمیش کە بەتەواوکەری دەستوور ناسرابوو لە 107 ماددە پێکاتبوو لە ئەیلولی 1907 نوسرابۆوە، بەپێی ماددەی 39ی تەواوکەری دەستوور پێویستبوو شای ئێران لەکاتی تاج لەسەرنانی لەپەرلەمان ئامادەبێت و سوێندی دەستووری بخوات، ئەو دەستوورە چەند جارێک ماددەکانی هەموارکرایەوە، بەڵام تا ساڵی 1979 بەردەوامبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کریمی، 1334ش، 24 – 59؛ راوندی، 357ش، 134 – 161).

[10] هەرچەندە ئێران لەماوەی ساڵانی جەنگدا بەفەرمی بەشداری شەڕی نەکرد، بەڵام بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە دوچاری ڕەوشێکی خراپی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی بۆوە. لەم بارەیەوە بڕوانە: (نصیری مقدم، 1374ش، 20 – 750؛ تمدن، 1350ش، 85 – 350).

[11] پەیماننامەیەکی ئابووری و سیاسی و سەربازی بوو، لەنێوان ئێران و بریتانیا لە 9ی ئابی 1919دا بەستراو ناڕەزایی توندی ئێرانییەکانی لێکەوتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مدنی، 1378ش، ج1، 143 – 149).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(12) لەماوەی ساڵانی (1920 – 1925) ژمارەیەک بزوتنەوەی نەتەوەیی لەناوچە جیاوازەکانی ئێران سەریانهەڵدا لەلایەن نەتەوەکانی وەک (کورد و عەرەب و ئازەری)، کاریگەری زۆریان لەسەر ڕەوشی ناوخۆیی ئێران هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محمد، 1972، 38 – 43؛ .(Farrokh, 2011, 244 – 256

(13) ئەحمەد قەوام ئیبراهیم موعتەمیدولدەولە (1876 – 1955):- ناسروا بە (قەوامولسەڵتەنە)، لەبنەماڵەیەکی دیارو خانەدانی شاری تاران بوو، لەماوەی ژیانیدا زۆر پۆستی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتووەو ماوەیەک نوسەری دەرباری ناسرەددین شاو مزەفەرەددین شای کوڕی بووەو لەلایەن ئەوەوە ناسناوی قەواموسەڵتەنەی پێدراوە، ناوبراو نوسەری فەرمانی مەشروتیەت بوو کە لەلایەن مزەفەرەددین شاوە واژووی لەسەرکرا، بۆ چەند جارێکیش لەماوەی جیاجیادا سەرۆک وەزیرانی ئێران بووەو ڕۆلی هەبوو لەڕێکەوتنی نەوتی نێوان ئێران و ڕوسیاو کۆتایی هێنان بە هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بامداد، 1357ش، ج2، 94 – 99).

(14) کۆمنتێرن (Comintern) (1919 – 1943): کورتکراوەی ناوی **(Communist International)** (کۆمەنیستی نێودەوڵەتی)یە، ئەو ڕێکخراوەیە لەساڵی 1919 دامەزرا بۆ پشتیوانیکردن و بەرگری کردن لە پارت و بزوتنەوە کۆمۆنیستەکانی سەرتاسەری جیهان، لە دژی ولاتانی سەرمایەداری و پیشەسازی. بەڵام لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی بەهۆی هاوپەیمانی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا بەفەرمانی ستالین ئەو ڕێکخراوەیە هەڵوەشایەوەو دواتر لەساڵی 1956 لەژێر ناوی کۆمنفۆرم (Cominform) دامەزرایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Richardson ,1982, 90 – 150).

(15) فاشیزم (Fascism):- دەستەواژەیەکی لاتینیە بەمانای کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لەدەستی کەسێکدا. بۆ یەکەمجار پارتیێکی فاشیستی لەئیتاڵیا لەلایەن (بینیتۆ مۆسۆلینی) دامەزرا لەساڵانی (1922 – 1945) و حوکمڕانی ئەو وڵاتەی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (G. Payne, 1995, 1 – 72). هەروەها لەناوخۆی ئێرانیش بەو ئێرانیانەی کە لایەنگری ئەڵمانیا بوون دەگوترا فاشیست. بێگومان ئەو دەستەواژەیە ئێستا شێوەیەکی گشتگیری وەرگرتووە بەهەموو ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵاتە ڕاست و توندڕەوو داپلۆسێنەرەکان دەگوترێ فاشیست.

## لیستی سەرچاوەکان:

**1.** القرآن الكريم، الاحزاب، آية 33.

**2. بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:**

- اساسنامه و نظامنامه کانون بانوان،(1314ش)، مطبعه نوين، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- اسکندری. سلیمان میرزا (1300ش)، مرامنامه فرقه سوسیالیست ایران به رهبری سلیمان میرزا اسکندری، تهران.
- اسناد تاریخی جنبش کارگری سوسیال دموکراسی وکمونیستی ایران (آثار سلطانزاده)، (بی تا)، ج4، انتشارات مزدک، فلورانس-ایتالیا.
- اسناد تاریخی جنبش کارگری سوسیال دموکراسی وکمونیستی ایران، (1358ش)، آگاهی، ج3، چ2، انتشارات علم، تهران.
- اسناد تاریخی جنبش کارگری سوسیال دموکراسی وکمونیستی ایران، (1974)، ت:عبدالحسین آگاهی، ج1، چ2،فلورانس
- اسناد تاریخی وقایع مشروطه ایران نامه‌های ظهیر الدوله، (1348ش)، بەکوشش: سرهنگ..، چاپخانه طهوری، تهران.
- اوراق تازه یاب مشروطیت ونقش تقی زاده مربوط به سالهای 1325 - 1330قمری، (1359ش)، بەکوشش: ایرج افشار، انتشارات جاویدان، تهران.
- پیشەوری. جعفر (1359ش)، تاریخچه حزب عدالت، اسناد جنبش کارگری ایران، انتشارات علم، تهران.
- دوسند از فرقه کمونیست ایران (1359ه.ش): جنبش کارگری ایران 6، انتشارات علم، تهران.
- صفایی. ابراهیم (1381ش)، تاریخ مشروطیت به روایت اسناد، انتشارات ایران یاران، تهران.
- نصیری مقدم، محمدنادر (1374ش)، اسناد دریای خزر ومناطق شمال ایران در جنگ جهانی اول، انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.

### 3. یادداشت و بیرەوەرییەکان:

- اسکندری. ایرج (1366ش)، خاطرات سیاسی ایرج اسکندری، بەاهتمام: بابک امیر خسروی و فریدون آذرنور، ب1، نشر جنبش توده‌ایهای مبارز انفصالی، بی جا.
- اعظام قدسی. حسن (1342ش)، خاطرات من یا روشن شدن تاریخ صد ساله، ج1، چ. حیدری، تهران.
- افتخاری. یوسف (1370ش)، خاطرات دوران سپری شده خاطرات و اسناد یوسف افتخاری 1299 - 1326، به کوشش: کاوه بیات و مجید تفرشی، انتشارات فردوس، تهران.
- امیر انتظام. نصرالله (1371ش)، خاطرات نصرالله امیر انتظام شهریور 1320 از دیدگاه دربار، بەکوشش: محمدرضا عباسی و بهروز طیرانی، چ2، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران، تهران.
- آوانسیان. اردشیر (1358ش)، یادداشتهای زندان (1928 – 1942)، انتشارات حزب توده، بی جا.

• بهار. محمد تقی(ملك الشعرا)، (1357ش)، تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، ج1، چ3، انتشارات امیر کبیر، تهران.
• تقی زاده. سید حسن، (1368ش)، زندگی طوفانی (خاطرات سید حسن تقی زاده)، بەکوشش: ایرج افشار، انتشارات محمد علی علمی، تهران.
• تقی زاده. سیدحسن، (1379ش)، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، بەکوشش: علیزاده عزیزالله، انتشارات فردوس، تهران.
• دانشور علوی. نورالله (1335ش)، تاریخ مشروطه ایران و جنبش وطن پرستان اصفهان و بختیاری، چاپ سینا، تهران.
• دولت آبادي. یحیی، (1362ش)، حیات یحیی، ج2، چاپ 4، انتشارات فردوسی، تهران.
• سیاسی. علی اکبر، (1366ش)، گزارش یک زندگی، ج1، چاپ پاکا، لندن.
• کرمانی. ناظم الاسلام (1357ش)، تاریخ بیداری ایرانیان، ج2، انتشارات آگاه، تهران.
• کمرەای، سید محمد (1336ق)، صلاح امروزه لزوم تشکیل ملی، چ. کلیمیان، تهران.
• لاهوتی. ابوالقاسم (بیتا): شرح زندگانی من، شرکت سهامی چاپ، بی جا.
• محتشمی پور، سیدعلی اکبر (1376ش)، خاطرات حجة الاسلام والمسلمین سیدعلی اکبر محتشمی پور، انتشارات سوره، تهران.
• مستوفی، عبدالله ، (1388ش)، شرح زندگانی من یا تاریخ اجتماعی و اداری دوره قاجاریه، ج2، چ6، انتشارات زوار، تهران.
• مخبر السلطنه. مهدی قلیخان هدایت (1344ش)، خاطرات و خطرات توشەای از تاریخ شش پادشاه و گوشەای از زندگی من، چ2، کتابفروشی زوار، تهران.
• وحیدالملک، عبدالحسین شیبانی (1378ش)، خاطرات مهاجرت، بەکوشش: ایرج افشار و کاوه بیات، نشر شیرازه، تهران.

### 4. کتێبەکان:

#### أ- بەزمانی فارسی:

• آبادیان. حسین (1390ش)، تاریخ سیاسی ایران معاصر (بحران مشروطیت در ایران)، ج1 - 2، مؤسسه و مطالعات پژوهشهای سیاسی، تهران.
• ابراهیموف. ت. ا (1360ش)، پیدایش حزب کمونیست ایران، ت: ر. رادنیا، نشر گونش، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


- ابراهیمی. رضا ضیاء (1396ش)، پیدایش ناسیونالیسم ایرانی نژاد و سیاست بی جاسازی، ت: حسن افشار، نشر مرکز، تهران.
- ابوالحمد. عبدالحمید (1358ه.ش): مبانی علم سیاست،انتشارات دانشگاه تهران، تهران.
- اتحادیه. منصوره (1361ش)، پیدایش وتحول احزاب سیاسی مشروطیت در دوره اول ودوم مجلس سورای ملی، نشر گستره، تهران.
- ------------------ (1361ش)، مرامنامه‌هاو نظامنامه‌های احزاب سیاسی ایران در دومین دوره مجلس شورای ملی، چاپخانه نقش جهان، تهران،
- ---------------- (1371ش)، احزاب سیاسی در مجلس سوم، چاپخانه نقش جهان، تهران.
- اتحادیه. منصوره و بیاتی. شیرین (1390ش)، زن در تاریخ ایران معاصر (از انقلاب مشروطه تا انقلاب اسلامی)، مجموعه مقالات، چ2، انتشارات کویر، تهران.
- آخگر. مسعود (1348ش)، ارانی شعله‌ی جاوید، آخرین دفاع دکتر تقی ارانی در دادگاه تهران، به ضمیمه مقدمه‌ای درباره زندگی و اندیشه دکتر ارانی، انتشارات حزب توده، بی جا.
- آدمیت، فریدون، (1363ش)، فکر دموکراسی اجتماعی در نهضت مشروطیت ایران، چ3، انتشارات پیام، تهران.
- -----------------، (1985)، ایدئولەژی نهضت مشروطیت ایران، ج1، کانون کتاب ایران، سوئید.
- آرین پور. یحیی،(1351ش)، از صبا تا نیما (تاریخ 150 سال ادب فارسی)، ج2، چ2، چاپخانه بیست و پنجم شهریور، تهران.
- آشنایی با تاریخ قانون گذاری در ایران دوره‌های 1 – 24 مجلس شورای ملی، (1384ش)، د2، گروه مطالعات بنیادین حکومتی، بی جا.
- آفاری، ژانت (1377ش)، انجمنهای نیمه سری زنان در نهضت مشروطه، ت: جواد یوسفیان، دانشگاه کلمبیا، بی جا.
- آگاهی. عبدالحسین، (بیتا)، تاریخ احزاب در ایران، چاوشان نوزایی کبیر، بی جا.
- آوری. پیتر (1382ش)، تاریخ معاصر ایران ازتاسیس تا انقراض سلسله قاجاریه، ت: محمد رفیعی مهرآبادی، ج1، چ5، انتشارات آشیانه کتاب.
- ایوانف. م. س. (1356ش)، تاریخ نوین ایران، ت: رفیق شهید هوشنگ تیزابی و حسن قائم پناه، انتشارات حزب توده، ستوکهولم-سوئید.
- ایوانف. م. س، (1357ش)، انقلاب مشروطیت ایران، ت: آذر تبریزی، انتشارات شبگیر و ارمغان، تهران.

- باستانی پاریزی (1361ش)، محیط سیاسی و زندگانی مشیر الدوله پیرنیا، دنیای کتاب، تهران.
- بامداد.مهدی، (1357ش)، شرح حال رجال ایران در قرن 12و 13و 14 هجری، ج2، چاپ 2، انتشارات زوار، تهران.
- برزین. مسعود (1371ش)، شناسنامه مطبوعات ایران از 1215 تا 1357شمسی، انتشارات بهجت، تهران.
- پارسا بناب، یونس، (2004)، احزاب وسازمانهای سیاسی ایران (1284-1384) ج1، چ2، انتسارات راوندی، واشنگتن دی سی.
- تبریزی، جواد (1362ش)،اسرار تاریخی کمیته مجازات، چ2، انتشارات ایران اسلام، تهران.
- ترنزیو. پیرکارلو (1359ش)، رقابت روس و انگلیس در ایران و افغانستان، ت:عباس آذرین، نشر کتاب، تهران.
- تمدن. محمد، (1350ش)، اوضاع ایران در جنگ جهانی اول یا تاریخ رضائیه، مؤسسه مطبوعات تمدن - انتشارات اسلامیه، رضائیه – تهران.
- ذاکرحسین. عبدالرحیم (1377ه.ش): ادبیات سیاسی در عصر مشروطیت (1304 – 1320ه.ش)، ج1 - 2، نشر علم، تهران.
- راوندی. مرتضی ، (1357ش)، تفسیر قانون اساسی ایران، انتشارات مبشری، تهران.
- رائین. اسماعیل، (2535 شاهنشاهی)، انجمنهای سری در انقلاب مشروطیت، چ2، انتشارات جاویدان، تهران.
- رواسانی، شاپور (1368ش)، نهضت میرزا کوچک خان جنگلی و اولین جمهوریی شورایی در ایران، چ2، نشر شمع، تهران.
- شاکری. خسرو (1384ش): پیشینەهای اقتصادی سیاسی جنبش مشروطیت و انکشاف سوسیال دیموکراسی در آن عهد، نشر اختران، تهران.
- شجیعی. زهرا، (1383ش)، نخبگان سیاسی ایران از انقلاب مشروطیت تا انقلاب اسلامی، ج3، انتشارات سخن، تهران.
- شمیم، علی اصغر ، (1378ش)، ایران در دوره سلطنت قاجار، چ2، انتشارات بهزاد، تهران.
- صفائی. عبدالصاحب (1327ش)، تاریخ مختصر احزاب سیاسی پس از شهریور ماه 1320، ج1، چ. ایران، بی جا.
- طلوعی. محمود، (1378ش)، خواندنیهای تاریخی، چ2، نشر علم، تهران.
- عالم. عبدالرحمن، (1376ش)، بنیادهای علم سیاست، چ3، نشر نی، تهران.
- عباسی. محمد، (1358ش)، تاریخ انقلاب ایران، انتشارات شرق، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


- کاتوزیان. محمدعلی همایون، (1374ش)، اقتصاد سیاسی ایران از مشروطیت تا پایان سلسله پهلوی، ت: محمدرضا نفیسی و کامبیز عزیزی، چ5، نشر مرکز، تهران.
- کریمی. بهمن، (1334ش)، اصول علم مدن قانون اساسی و متمم آن قانون مجلس سنا و شوری قانون انتخابات، از انتشارات شرکت نسبی حاج محمد حسین اقبال و شرکائه، تهران.
- کسروی. احمد، (1363ش.): تاریخ مشروطه ایران، ج1، چ16، چاپخانه سپهر، تهران.
- ---------------، (1353ش)، تاریخ هیجده ساله آذربایجان، ج2، چ6، انتشارات امیر کبیر.
- کهن. گوئل، (1362ش)، تاریخ سانسور در مطبوعات ایران (از صدور فرمان مشروطیت تا کودتای 1299خورشیدی)، ج2، انتشارات آگاه، تهران.
- لنزوسکی. جورج، (2536شاهنشاهی) رقابت روسیەو غرب در ایران، ت: اسماعیل رائین، چ2، اتشارات جاویدان، تهران.
- محمدخان. مهرنور (2004)، فکر آزادی در ادبیات مشروطیت ایران، ناشر مرکز تحقیقات ملی، اسلام آباد، پاکستان.
- مدنی. سید جلال الدین، (1378ش)، تاریخ سیاسی معاصر ایران، ج1، چاپخانه دفتر انتشارات اسلامی، قم.
- مصطفوی. رحمت (1363ش)، تهران دموکرات و علی امینی در ترازو، نشر سلسله، تهران.
- ملک زاده. مهدی، (1358ش)، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، ج6و 7، چ4، انتشارات علمی، تهران.
- مولانا. حمید، (1358ش)، سیر ارتباطات اجتماعی در ایران، با یادداشتهای رضا مرزبان، چاپخانه گیلان، تهران.
- مجد. محمدقلی (1389ش)، رضا شاه و بریطانیا بر اساس اسناد وزارت خارجه آمریکا، ت: مصطفی امیری، مؤسسه مطالعات وپژوهشهای سیاسی، تهران.
- نامور. رحیم (1352ه.ش): برخی ملاحظات پیرامون تاریخ انقلاب مشروطیت، کتابخانه بەسوی آینده، صوفیه - بولگاریا.
- ناهید. عبدالحسین ، (1360ش)، زنان ایران در جنبش مشروطه، نشر احیا، تبریز.
- نجات بخش. نصرالله (1393ش)، احزاب سیاسی معاصر ایران چالشها و دست آوردها، چ2، انتشارات مهر، فرانکفورت،
- نفیسی. سعید، (1345ش)، تاریخ معاصر ایران از چهارم اسفند 1299 تا بیست چهارم شهریورماه 1320، کتابفروشی فرغی، بی جا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- نوایی. عبدالحسین (2535 شاهنشاهی)، دولتهای ایران از آغاز مشروطیت تا التیماتوم، انتشارات بابک، تهران.
- نیازمند. رضا (1387ش)، رضا شاه از تولد تا سلطنت، چ6، نشر حکایت قلم، تهران.
- وحید مازندرانی. ع، (1328ش)، قرارداد 1907 روس و انگلیس راجع به ایران، کتابخانه سقراط، تهران
- ورهرام. غلامرضا، (1358ش) ، نظام سیاسی وسازمانهای اجتماعی ایران در عصر قاجار، انتشارات معین، تهران.

**ب. بەزمانی عەرەبی:**

- تاريخ الحزب الشيوعي في الاتحاد السوفياتية (حزب البلشفيک)، (1954)، موجز وضعته اللجنة المركزية للحزب الشيوعي في الاتحاد السوفياتي، دار الفارابي، بيروت.
- الشاذلي. احمد عبدالقادر، (1997) ، الاغتيالات السياسية في ايران، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة.
- محمد. حربی،(1972)، تطور الحركة الوطنية في ايران 1890 – 1953، دار الثورة، بغداد.

**ج. بەزمانی ئینگلیزی:**

- Farrokh. Kaveh,( 2011), Iran At War 1500 – 1988, Osprey Publishing, Great Britain.
- G. Payne, Stanley ( 1995) A History of Fascism 1914-1945, Routledge, UK.
- Richardson. R. Dan (1982), Comintern Army, The university Press of Kentucky, United State.

**5. نامەی زانکۆیی:**

- سادق. دلزار سالح (2016)، ژیانی پەرلەمانی لەئێران لەنیوان سالآنی (1906 – 1925)، ماستەرنامە (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**6. توێژینەوە:**

- زیباکلام. صادق (زمستان 1393ه.ش): احزاب سیاسی نقش آن در توسعه ایران، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، س10، ش29، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پاشکۆ

لیستی دیارترین پارتە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1905 – 1941)

| ز | ناوی پارت | ناوی دامەزرێنەر/ دامەزرێنەران | ساڵی دامەزران | ساڵی لەناوچوون | ئامانجی سیاسی | ئایدیۆلۆژیا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئیجتماعیون عامیون | 1. نەریمان نەریمانۆف. 2. محەمەدئەمین ڕەسولزادە. 3.سەید حەسەن تەقی زادە. 4.حەیدەرخان عەمو ئۆغلێ | 1905 | 1909 | ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی | سۆشیال دیموکرات |
| 2 | دیموکرات | 1. نەریمان نەریمانۆف. 2. محەمەدئەمین ڕەسولزادە. 3.سەید حەسەن تەقی زادە. 4.حەیدەرخان عەمو ئۆغلێ | 1909 | 1916 | ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی | دیموکراتی شۆڕشگێڕ |
| 3 | ئیجتماعیون ئیعتدالیون | سەید محەمەد سادق تەباتەبائی | 1909 | 1916 | دادپەروەری کۆمەڵایەتی | پارێزگار |
| 4 | عەدالەت | ئەسەدوڵا غەفارزادە | 1917 | 1920 | ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی | کۆمەنیست |
| 5 | کۆمەنیست | 1. یوسف زادە 2. جەعفەر پیشەوەری | 1920 | 1938 | ئازادی، یەکسانی، | کۆمەنیست |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دادپەروەری کۆمەڵایەتی | | | | | |
| کۆمەنیست | | 1926 | 1921 | سلێمان میرزا ئەسکەندەری | سۆشیالیست | 6 |

# The Political Parties and Organizations in Iran During the Years (1905 – 1941)

**Asst. Lect. Delzar Salih Sadiq**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dlzar.sadiq@su.edu.krd

**Prof. Dr. Saadi Uthman Haruti**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dr.saadi.haruti@hotmail.com

***Keywords:*** *Iran, Political Parties, Mashruteh, Democratic Party, Communist Party.*

## Abstract
At the beginning of the twentieth century, Iran witnessed a sensitive phase of political conflict, as a number of enlightened intellectuals and politicians dedicated their efforts to saving the country from stagnancy and backwardness. In order to convoy with the developments in Europe during that period. At first they tried to forcing the government of the Qajar state (1796-1925) through the press, to carry out the required reform. But when these attempts did not succed, they tried to achieve their goals by establishing political parties and organizations. And the first attempts were to establish secret organizations outside the country, by the Iranians living in the Caucasus regions. This later paved the way for the establishment of political parties and organizations in Iran. These organizations participated in the constitutional revolution (1905-1911), and strongly defended the gains of that revolution. Under these circumstances, specifically during the years (1905-1941), many political parties

and organizations that had different ideological trends appeared; Such as: (General Socialists / 1905 - 1909), (Communist Party/ 1920 - 1938) and many other parties.

During the aforementioned period, party life in Iran passed through two phases: In the first phase, which includes the years (1905-1921), political parties and organizations were faced some obstacles, despite that, they practiced a clear impact on the political life in that country. As for the second phase, which lasted for years (1921-1941), which is the period of Reza Shah's rule, the Iranian parties and organizations faced more complex obstacles and problems. Because the government tightened the grip around political freedom. As a result, a very limited number of parties have been able to influence the political events in Iran.

## الاحزاب والتنظيمات السياسية في ايران خلال سنوات (1905 – 1941)

### الملخص:

شهدت إيران في بداية القرن العشرين مرحلة حساسة من الصراع السياسي، حيث ان عددا من المثقفين والسياسيين المتنورين، قد كرسوا جهودهم من أجل إنقاذ البلاد من الجمود والتخلف. لكي تواكب ايران التطورات التي شهدتها اوروبا خلال تلك الفترة. وفي البداية حاولوا الضغط على حكومة الدولة القاجارية (1796- 1925) عن طريق الصحافة، لإجراء الاصلاح المطلوب. وعندما لم تؤت تلك المحاولات ثمارها، حاولوا تحقيق أهدافهم من خلال إنشاء الاحزاب والتنظيمات السياسية. و تمثلت المحاولات الاولى في تأسيس المنظمات السرية في خارج البلاد، وذلك من قبل الايرانيين القاطنين في مناطق القفقاس. الامر الذي مهد فيمابعد لتأسيس الاحزاب والتنظيمات السياسية في ايران. فشاركت تلك المنظمات في الثورة الدستورية (1905- 1911)، كما دافعت بشدة عن مكاسب تلك الثورة. وفي ظل تلك الظروف وبالتحديد خلال سنوات (1905- 1941) ظهرت العديد من الاحزاب والمنظمات السياسية التي كانت ذات اتجاهات فكرية متباينة؛ مثل (حزب الاجتماعيون العاميون/ 1905- 1909) و (حزب كومونيست – اي: الشيوعي/ 1920- 1938) واحزاب اخرى عديدة.

لقد مرت الحياة الحزبية في ايران خلال المدة المذكورة، بمرحلتين: في المرحلة الاولى التى تشمل سنوات (1905- 1921)، كانت الاحزاب والتنظيمات السياسية لها تأثير واضح على الحياة السياسية في تلك البلاد، وذلك رغم بعض العوائق التي تعرضت لها. اما في المرحلة الثانية التي تستغرق سنوات (1921- 1941) وهي مدة حكم رضا شاه، فإن الاحزاب والمنظمات الايرانية قد جابهت عراقيل ومشاكل اكثر تعقيدا. لان الحكومة قد ضيقت الخناق على الحرية السياسية. وبالنتيجة فإن عددا محدودا جدا من الاحزاب قد تمكنت من التأثير على مجريات الاحداث السياسية فى ايران.